# نەخشەسازی ڕۆژنامەوانی

## قۆناغی (٣)ی ڕاگەیاندن

د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین

٢٠٢٣ – ٢٠٢٤

## پێناسەو چەمکی نەخشەسازی

نەخشەسازیی وشەیەکی ئینگلیزییە بە واتای دەستکردن بە کارێک و تەواوکردنی، بەبێ فەرامۆشکردنی لایەنی هونەری. ئەمە پێناسەیەکی گشتییە، بەڵام لە راستیدا دیزاین هەموو شتێک لەنێوان زەوی و ئاسمان دەگرێتە خۆی بۆ نمونە جلوبەرگ، جۆری دووربینی، هەڵبژاردنی کاڵا، رەنگی کاڵا. بۆ دروستکردنی کەرەستەیماڵەوە، قەبارە، رەنگ، هەڵبژاردنی خام، چۆنیەتی دروستکردنی. لەخۆی دەگرێت.

نەخشەسازی لە زمانی کوردیدا چەندین واتای جیاواز دەگەیەنێت هەروەک:

پرۆسەی رێکخستنی رەگەزەکان (هێڵ، شێوە) بە ئامانجی گەیشتن بە پێکهاتەیەک کە سەرنجڕاکێش بێت و کاریگەری دروستبکات. (واتە هونەری دروستکردنی شتێک).

کارێکی تەواوکراو، بە واتای بەرجەستەکردنی بیرۆکەیەک یان واتایەک، کە بە چەندین قۆناغی هێڵکاری و شێوەکاری بنەڕەتیدا تێپەڕیوە.

نەخشەسازی، داهێنانێکی شێوەییە، یان دروستکردنی شتێکی جوانە یان ئەوە کارێکی دڵڕفێنە کە شایەنی ئەوەیە نیشانبدرێت، پرۆسەی نەخشەسازی پشت بە توانای نەخشەساز دەبەستێت لە داهێنان، چونکە توانای خەیاڵ و رۆشنبیری لە دروستکردنی کارێکی باش یاخود بەرەوپێشبردنی کارێکی پێشتر، دەقۆزێتەوە

کاری نەخشەسازیی رۆژنامە، دابەشکردنی بابەت و وێنەیە بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەدا، ئەو هەوڵدەدات بینبینی رۆژنامە بێزارکەر نەبێت، خوێندنەوەی گران نەبێت، سەردێر چاو تێکنەدات، لاپەرە پڕو ئاڵۆز نەبێت، جگە لەمانە فۆنتی نەرم بۆ سەردێر و نوسینی تێکست دادەنێ، کۆمێنتاری بەجێ لەژێر وێنەکان دەنوسێت. نەخشەسازی رۆژنامە هەوڵدەدات خوێندنەوەی رۆژنامە ئاسانبکات و زۆرترین خوێنەر بۆ رۆژنامە دەستەبەربکات.

هەروەها مەبەست لە نەخشەسازی "ئەو پرۆسەیەیە کە پلانێکی پێشوەختەی دەوێت بۆ لاپەڕەکە بۆ ئەمەش پێش ئەوەی پرۆسەی دەرهێنانی رۆژنامەوانی دەستپێبکات شێوەی لاپەڕەکە دیاریدەکرێت. لەسەر توێژەرە ئەوە دابنێ کە نەخشەسازی قۆناغی یەکەمە لە پرۆسەی دەرهێنان، ئەوە پێش پرۆسەی ئامادەکردنە، کە قۆناغی دووەمە لە دەرهێنانی رۆژنامەوانی کە پرۆسەیەکی پێکهێنانی هونەریە"

نەخشەسازی رۆژنامە ئاماژە بە دوو پەیوەندی یەک-لەدوای-یەکەوە هەیە: بە یەکەم: دانانی پەیکەری بنەڕەتی بۆ رۆژنامەکە لەگەڵ دەستپێکردنی دەرچوونیدا، کە پێیدەگوترێت بنەڕەت. ئەوەی دیکە: رێکخستنی توخمی هەموو لاپەڕەکانە لە هەر ژمارەیەک بەشێوەیەکی خولگەیی کە جۆراوجۆرانە و ناجێگیر دیاربێت.

دەکرێت لێکچواندنێک لە پرۆسەی نەخشەسازی هەبێ لەم هاوکێشەیەدا:




## دووەم: نەخشەسازیی ڕۆژنامە

### یەکەم: کۆمەڵەکانی نەخشەسازیی

“دیزاین” تەنها گرافیک نییە، دەتوانین بە جۆرەکانی “دیزاین” لە جیهانی تەکنەلۆژیا و عەولەمەدا ئاشنابین:

### ١ - گرافیک دیزاین: Graphic design




**گرافیک دیزاین**

بڕگەیەکە کە گروپێک لە دیزاینەران کۆدەکاتەوە، ئەوان کار بە وێنەی هێڵکاری دەکەن، جا چ بە نیگار یان نووسین یان وێنە بێت. بەگشتی، گرافیک دیزاین لەسەر شێوەی دوو ڕەهەندی D٢ پیشاندەدرێت، جا چ لەسەر شاشە-پیکسڵ یاخود چاپکراو بێت.

### ٢- پرینت دیزاین: Print Design

ئەم کۆمەڵەیە جۆرێکن لە گرافیک دیزاینەر، بەڵام زیاتر کار لەسەر چاپ و چاپکاری دەکەن. پێش تەکنەلۆژیا و نەرمەکاڵا و وێب و بژمێری سەردەم، هەموو گرافیک دیزاینەران کاریان لەسەر چاپکردووە، کارەکانیان بریتیبوون لە دیزاینکردنی: پۆستەری سیاسی و ئاسایی، پەڕەی ڕیکلام

لەسەر ڕێگاوبانەکان، گۆڤار و بەرگی کتێب، ئەم کۆمەڵەیە بەگشتی لە بواری تایپۆگرافی، نەخش و کێشاندا شارەزان.



**پرینت دیزاین**


### ٣ – ئینتەرئاکشن دیزاین: Interaction Design

دیزاینەرانی ئەم کۆمەڵەیە لەخۆیان گەنجتر بیردەکەنەوە، سەلیقەی دیزاینی مۆدێرنیان هەیە و بەهەمان شێوەی گرافیک دیزاینەران بنەما سەرەکییەکانی "دیزاینی نایاب" بەکاریدەهێنن. ئەم کۆمەڵەیە دەکەونە سێ ناوچەی پێنج ئاوەزە سەرەکییەکەی مرۆڤەوە، کە بریتین لە: تامکردن، بینین، بەرکەوتن، بیستن، بۆنکردن، چۆن؟

بینین: سەرنجدان لە پیکسڵ بە پیکسڵی ڕووکارەرێک ئەرکی هەموو تاکێکی ئەم گروپەیە، چاو بەهێزترین چەک و قەڵەمی دیزاینەرە.

تامکردن: پێشئەوەی بیخەنە بەردەستان، تامیدەکەن.

بەرکەوتن: (دیزاینەری بەرهەمەکانی ئەپڵ) پێشئەوەی بهێڵێت ئایفۆنەکەی بکەوێتە بەردەست، خۆی لەدەستی دەگرێت و هەست بە هەبوون و شێوەو شێوازی ئیشکردنی ئامێرەکە دەکات، هەست بە لووسی، زبری، بچووکی و گەورەیی ئامێرەکە دەکات.




ئینتەرئاكشن

هەمان ئەم كۆمەڵە دابەشدەبێتەوە بەسەر دوو كۆمەڵەی تر، ئەوانەش بریتین لە:

- **یوزەر ئینتەرفەیس دیزاین: User Interface Design**

ئەم بڕگەیە واتا : ڕووكاری بەكارهێنەر، ئەم كۆمەڵەیە گرنگی بە شێواز و جوانی دەركەوتنی ئەو ڕووكارە دەكات كە بەكارهێنەر دەیبینێت. نموونە: ماڵپەری .KiTnn هەموو پیكسڵ و پیكسلۆچكەیەكی ئەم ماڵپەڕە بریتییە لەو ڕووكارەی كە ئەم كۆمەڵەیە دیزاینی كردووە، پوختتر: تەواوی ئەم ماڵپەرەی كە بە چاوت دەیبینیت، بریتییە لە ڕووكارێك كە لەلایەن ئەم كۆمەڵەیەوە دیزاینكراوە.

ئەم كۆمەڵەیە تیشك دەخەنە سەر: وێب دیزاین - ڕووكاری نەرمەكاڵاكان - سیستەمە كارپێكردنەكان.




**یوزەر ئینتەرفەیس دیزاین**

- **یوزەر ئێکسپێریەنس دیزاین: User Experience Design**

ئەم بڕگەیە واتا : ئەزموونی بەکارهێنەر، مەبەست لێی دیزاینەرێک کە ئەزموونی لەگەڵ بەکارهێنەراندا هەبێت، بەجۆرێک کە بزانێت چییان دەوێت و بەدوای چیدا دەگەڕێن. ئەم کۆمەڵەیە بە زۆری وەک دەروونناس وان، بەشێوەیەک تیشکدەخەنەسەر چۆنییەتی و شێوازی دەرکەوتنی ڕووکارێک، کە بەکارهێنەر بە ئاسانی و ئارامی بتوانێت بگاتە شوێنی مەبەست لە پەڕەی مەبەستدا. بۆ نموونە بەشی پرسیارو وەڵامی ماڵپەڕی KiTn، ئەگەر خوێنەر یاخود هەر سەردانکەرێک بە ئەستەم بەستەری یاخود شوێنی (پرسیارو وەڵام)ی لە پەڕەی سەرەکی ماڵپەڕی KiTn دۆزییەوە، ئەوا دیزاینەری ئەم ڕووکارە سەرکەوتوو نەبووە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی وەک User Experience Designerێک. بەهەمانشێوە، ئەگەر خوێنەر یاخود هەر سەردانکەرێکی تر پەڕەی (پرسیارو وەڵام)ی بە ئاسانی دۆزییەوە، ئەوا دیزاینەری ڕووکار سەرکەوتوو بووە لە ئەرکەکەی. پێویستە لەسەر ئەم کۆمەڵەیە، کە ڕووکارەکە لەگەڵ چاوی بەکارهێنەرەکە بگونجێنێت.




**یوزەر ئێکسپیریەنس دیزاین**

**٣ -ئیندوستریاڵ دیزاین: Industrial Design**

دیزاینی دەستکرد یاخود پیشەسازیشی پێ دەڵێن ئەم کۆمەڵەیە تیشک دەخەنە سەر تەنی دەستکرد، جا چ ئامێرێک یان کورسییەک یان هەرشتێک بێت، کە بە هەردوو ئاوەزەکەی مرۆڤ هەستی پێبکرێت (بینین، بەرکەوتن). نموونە: ئایفۆن، فڵچەی ددان، ماتۆڕ.

گرنگترین و سەرەکیترین بنەمای ئەم کۆمەڵەیە بریتییە لە سوودی پارچە دروستکراوەکە. نموونە – Jonathan Ive : جۆناثن ئایڤ دوگمۆچکەی بێدەنگکردنی لە لاتەنیشتی ئایفۆنەوە داناوە. بەکارهێنەری ئامێرەکە تەنها بە پاڵپێوەنانی دوگمۆچکەکە بەرەو خوارەوە، ئامێرەکەی دەکەوێتە سەر دۆخی کپی. دەشێت ڕێگایەکی تر بۆ کپکردن هەبێت، بەڵام دیزاین وایکرد کە بەکارهێنەرەکە ئاسانتر کارەکەی ئەنجامبدات، ئەم نموونەیە بۆ بڕگەیUser Experience Design یش دەشێت.

دیزاینەرە پیشەسازییەکان هەڵدەستن بە بەرهەمهێنان یاخود دیزاینکردنی:

ئۆتۆمۆبیل، فڕۆکە و ماتۆڕ- ئامێر و کەلوپەلی ئەلیکترۆنی- شتومەکی ڕۆژانە




**ئیندوستڕیاڵ دیزاین**

**٥ -مەوشن گرافیکس دیزاینەر: Motion Graphics Designer**

ئەم بڕگەیە واتا دیزاینەری جوڵەی گرافیکی (هەڵبەتە ئەمە وەرگێڕانی ووشە بە ووشەیە). جیهانی مەوشن گرافیک Motion Graphic – ڕۆژ بەڕۆژ پەرەدەسێنێت. ئەم کۆمەڵەیە هەڵدەستن بە ڕێکخستن و درووستکردنی پارچە ڤیدیۆیەک، کە تێیدا هەموو چینە گرافیکییەکان دەست بە جوڵە دەکەن. ئەم دیزایینەرانە بە لێکدانی وێنەی ستاتیک و تێکست و مۆسیقاو چینەکانی تر پارچە ڤیدیۆیەکی ناوازە دەهێننە بوونەوە، کە هەموویان بەیەکەوە دەست بە جوڵە و سەما دەکەن.

مۆوشن گرافیک، بەگشتی بە دروستکردنی ڤیدیۆگرافیکێک هەڵدەستن، کە تیایدا ئامێرێک یاخود شتێک نماییشدەکرێت، یان هەڵدەستن بە دروستکردنی ڤیدیۆگرافیکێک، کە لەپێش بابەتی مەبەستەوە دەستپێدەکات. نموونە: ڤیدیۆ ٣٠ چرکەییەکەی کەناڵی میدیایی ڕووداو یاخود نالیا، کە لەپێش دەستپێکردنی هەواڵەکاندا دەردەکەوێت.

سەرنج بدەنە ڤیدیۆکەی خوارەوە، کە نموونەیەکە لەسەر:Motion Graphics Design



**مەوشن گرافیکس دیزاینەر**

## ٦ -ئانیمەیتەر: Animator

جوڵێنەر، بەبێ ئانیمەیتەرەکان، هیچ ڤیدیۆیەکی یاخود فیلمێکی ئەنیمەیشنی بوونی نەدەبوو. بەدەر لەوەش، هیچ یارییەکی ئەلیکترۆنی نەئەبوو کە چێژی لێوەربگیرێت. ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵێکی گرنگی کۆمەڵگای ئێستا دەبینێت، چونکە زۆرینەی خەڵکی بە ڤیدیۆ ئەنیمەیشنەکانەوە سەرقاڵن. دیزاینەرانی ئەم کۆمەڵەیە هەڵدەستن بە دروستکردنی ئەنیمەیشن بۆ یارییە ئەلیکترۆنییەکان و فیلمەکان و کارە میدیاییەکان لەسەر شێوەی ٢ یاخود سێ ڕەهەندی، بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر وێنەی جوڵاو دەکەن.

ئەو تووڵانەی کە ئانیمەیتەرەکان بەکاریان دێنن:

Blender - After Effects - Cinema ٤D - Maya – ٣ds Max



**ئانیمەیتەر**

### ٧ -ئینتێریەر دیزاین: Interior Design

مەبەست لە دیزاینی ناوەکی، دیزاینی کەلوپەل و دەوروبەرە. ئەمەش هەموو پارچەکانی ناوەوە لە خۆ دەگرێت و لە ڕێکخستنی پارچەکانی ژووری- نووستن (دانیشتن، ئۆفیس) هەتا شتومەکەکانی ناوەوەی مەتبەخ و میوان و چۆنیەتی ڕێکپۆشیان لە نماییشی ژوورەکە؟



**ئینتێریەر دیزاین**

### ٨- ستاتیستیک (Static)

دەربارەی بنەمای سەرەکی دیزاین، پرسیار لەسەر بۆچوونی ٧٨ بەڕێوبەری بەش و دیزاینەر و ئەندازیاری بەئەزموون کراوە. بۆ زانینی بیروبۆچوونەکانیان، سەرنجی وێنە ئامارەکەی خوارەوە بدەن، کە ڕێژەی گرنگی هەریەک لە بنەماکان بەپێی بیروبۆچوونی خاوەن بەشگەو ئەندازیاران و دیزاینەران دابەشکراوە.

- **بنەماکەی (دیتێر ڕامز) Dieter Rams بۆ "دیزاینی نایاب"**

StartupsThisIsHowDesignWorks

دیتێر ڕامز دیزاینەرێکی دەستکردی (پیشەسازی) ئەڵمانییە، کە لەنزیکەوە لەگەڵ کۆمپانیای (براون) Braun – ە کاریدەکرد. بەگوێرەی پێگەیVits ، کە دەڵێن: "پێشتر لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا، دیتێر لەنێو جیهاندا دیزاینەرێکی بەرچاو و بەناوبانگ بوو. جارێک دیتێر پرسیاری لەخۆی کرد و وتی: "ئایا دیزاینەکەم دیزاینێکی نایابە؟." "

دیاربوو کە وەڵامی پرسیارێکی وا هەرەمەکییانە بەدەستناهێنرێت، هەربۆیە هەستا بە کۆکردنەوەی ١٠ بنەما بۆ ناساندنەوەی "دیزاینی نایاب."




**بنەماکەی (دیتێر ڕامز) Dieter Rams بۆ دیزاینی نایاب**

### دووەم: جۆرەکانی رۆژنامە و سیستەمی بنەرەتی نەخشەسازیی رۆژنامە

مەبەست لەسیستەمی بنەرەتی نەخشەسازی واتە دانانی چوارچێوەو پەیکەری گشتی رۆژنامەکە و بنەرەتی ئامادەکردنی دەرکردنی رۆژنامەیەک (بەپێی ئەم سیستەمی نەخشەسازیە ناوی چاپکراوەکە و ژمارەی لاپەرەکانی و گۆشە جێگیرەکانی دیاریدەکرێت).

بەمپێیە نەخشەسازیی بنەرەتی نەخشەسازی لاپەرە هەمیشەیی و جێگیرەکان دەگرێتەوە، کە لە ستراتیژێکی دوورخایەندا گۆڕانی بەسەردانایەت، واتە سیمای رۆژنامەکە و ئەو رەگەزانەی کە روخسارەکەی پێکدێنێت ناگۆرێت مەگەر دوای ماوەیەکی زۆر، هەرچەندە رۆژانە یان هەفتانە گۆڕان رودەدات، بەڵام ئەمە زیاتر پەیوەندیی بە دابەشکردنی بابەتەکانەوە هەیە.

**پێناسەی ڕۆژنامە:**

ڕۆژنامە: بڵاوکراوەیەکە لەسەر کاغەز چاپدەکرێت لە زۆرجاردا خولیە (مانگانە، هەفتانە، ڕۆژانە). زۆربەی جار ڕۆژنامە هەواڵ و وتارو راوبۆچوون لەخۆدەگرێت.

هەمەچەشنی بابەتی ڕۆژنامە لەنێوان هەواڵ و وەرزش و هونەرو ئەدەب و خواردن و بایەخەکانی ژنان و...هتد. هەندێ ڕۆژنامەش یاری و کاتبەسەربردنی تێدایە. هەروەک وشە یەکتربڕەکان، هەندێکیشیان کەیفئامێزن هەروەک لەخۆگرتنی کاریکاتێرو نوکتەو کەلوەکان و هەواڵە سەرنجڕاکێشەکان.

ڕۆژنامە بەو پارچە کاغەزە چاپکراوە دەگوترێت، کە ناوەرۆکی بە بابەتی جیا وەک هەواڵ، گوتار، ریپۆرتاژ، وێنەی سەرنجڕاکێش پڕکراوەتەوەو هەموو جاری لە کات و ساتی خۆی بە قەبارەی جیا و لە شوێن و چاپخانەی جیا چاپدەکرێ و بڵاودەکرێتەوە، یەک سەرنووسەر و یەک جێگری سەرنووسەر یان زیاتر. یەک خاوەن ئیمتیازی هەیە و دوای ئەوانیش هەیکەلی دەسەڵات و بەرپرسێتی دێتەخوار.

دابەشکاری ڕۆژنامەکانی بەمشێوەیە کردووە: (ڕۆژنامەی بەیانیان، ڕۆژنامەی ئێواران، هەفتەنامە، دووهەفتە جارێک، مانگانە و هەندێکیش لە شێوەی پاشکۆ دەردەچن).

لە دابەشکارییەکی تردا بەمشێوەیە دابەشیکردووە (ڕۆژنامەی بەیانیان، ڕۆژنامەی ئێواران، ڕۆژنامەی ڕۆژانە)، و ڕۆژنامەی ڕۆژانەشی دابەشکردووە بەسەر (ڕۆژنامەی کاغەز، ڕۆژنامەی دەنگ، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی).

بەپێی ئەو دابەشکارییە لە جۆری ڕۆژنامەکاندا هەیە بەپێی ئەو دابەشکارییانە دەگۆڕێت، لێرەدا دابەشکارییەکە بەمجۆرەیە:

**١- ڕۆژنامەی ئێواران:**

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و بەیانیان زوو دەرناچێت و پێش نیوەڕۆ دەکەوێتە دەستی خوێنەران (هەندێک جار زووتریش) مەبەست لەم درەنگدەرچوونە، نووسین و وەستانە لەسەر ئەو رووداوانەی شەو یان بەیانیان زوو رودەدەن بۆئەوەی لە ژمارەی ڕۆژنامەی ڕۆژ شوێنیان ببێتەوە و باسیان لێوە بکرێ. ڕۆژنامەی ئێواران بەیارمەتی تەکنەلۆجیای نوێ، دەکرێ ناوەڕۆکیان ئاسانتر بە بابەتی نوێ دەوڵەمەند بێت، ئەمەش بە پڕکردنەوەی لاپەڕەکانی لە روداوی شەوان یان بەیانیان زوو.

ڕۆژنامەی ئێواران بەناوبانگن بەوەی وشەی تایبەتی یان زمانی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن بۆئەوەی ژمارەی ڕۆژی پێبفرۆشن.

**٢- ڕۆژنامەی ڕۆژانە:**

ئەم چەشنە ڕۆژانە دەردەچێت، هەموو ڕۆژێک، جگەلە ڕۆژانی یەک شەمان و هەینیش هەندێجار (بەپێی ئەو وڵاتەی کە تیایدا ڕۆژنامەکە دەردەچێت)، یان هەندێ جەژنی نیشتمانیی. ئەو ڕۆژنامانەی کە ڕۆژانی پشووی هەفتە دەردەچن زۆرجار قەبارەیان گەورەترەو ریکلامی گەورەی تێدایە.

بۆ نمونە لە میسر ڕۆژنامەی ئەلئەهرام ڕۆژانی هەینی دەردەچێت و دوو پاشکۆی زیادیشی لەگەڵە یەکێکی بۆ ئۆتۆمبێلەو ئەوەی دیکە بۆ کاتبەسەربردنە، هەروەها بەشێکی گرنگ لە ریکلام لەخۆدەگرێت و لەبەرئەوەش لاوەکان دەیکڕن.

ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەهەموو ئەو ڕۆژنامانە دەگوترێ، کە هەفتەی لانیکەم ژمارەی لێ دەردەچێت، بەڵام بەگشتی و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕۆژنامەی ڕۆژانە هەفتەی شەش ژمارەی لێ دەردەچێ و زۆربەی جاریش ڕۆژانی یەکشەم ڕۆژی پشوودانیانە. بەهۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆجیاوە زیاد لەیەک جۆری دەردەچێت بۆ ئەوەی بەزووترین کات بگاتە زۆرترین کەس یان خوێنەر، هەموو ژمارەیەکی ڕۆژنامە بە سێ جۆر دەردەچێ.

١- ڕۆژنامەی کاغەز: ئەم ڕۆژنامەیە لە چاپخانە چاپدەکرێت و بۆ بڵاوکردنەوەشی خەڵکی تایبەت هەیە، بۆ نمونە خەڵکی تایبەت هەیە کە ڕۆژنامەی بەیان بۆ خوێنەرێک یان دەزگاو ئابۆنەدار، لە نزیکەی کاتژمێر پێنجی بەیانی دەگەیەنێتە شوێنی مەبەست. بە پەیدابوونی ئینتەرنێت، ڕۆژنامەکە جگەلە ڤەریانتی کاغەز، ژمارەی ئەلیکترۆنیش بۆ نێت ئامادەدەکرێ.

٢- ڕۆژنامەی دەنگ: ئەو ڕۆژنامەیە، کە لە شێوەی دەنگ ئامادەدەکرێت، تەواوی ناوەڕۆکی بە دەنگ دەخوێندرێتەوە.

٣- ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی: لاپەڕەکانی ئەم جۆرە زۆربەی کات لە شێوەی (pdf) هەڵدەگرێت، بۆئەوەی لەم شێوەیە بکەیتەوە، خوێنەر دەبێ ئابۆنەی ڕۆژنامەی لە شێوەی (pdf) هەبێت.

**دابەشکاریەکی تری رۆژنامەکان بەم شیوەیەیە:**

١- **رۆژنامەی هەفتانە:** هەفتەی یەکجار ئەو رۆژنامەیە دەردەچێت، ئەو رۆژنامانەی کە هەفتەی دووجار یان سێ جار لە هەفتەیەکدا دەردەچێت دەڕواتە خانەی هەفتانە، زیاتر وتاری راوبۆچوونیان تێدایە بەبەراود لەگەڵ رۆژنامەی رۆژانە، بەشێکی بۆ ریکلام تایبەت دەکرێت.

٢- **رۆژنامەی ئەلیکترۆنی:** بەو رۆژنامانە دەگوترێت کە لە ئینتەرنێتدا بڵاودەکرێتەوە، لەم جۆرەشدا کارلێک لەگەڵ خوێنەر تیایدا زاڵە ئەوەش بەهۆی بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆژیاو ویب-سایتی نوێ کە رێگە بە خوێنەر دەدات بە زیادکردنی تێبینی لەسەر وتارە بڵاوکراوەکان. هەروەها لەو جۆرە رۆژنامانەدا بواری راپرسیش بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە فەراهەمدەکرێت.

جۆری دیکەش لەو رۆژنامانە وەکو: رۆژنامەی حزبی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، وەرزش، رۆشنبیری.

گونجاندنی رۆژنامەکان و شێوەکانی لەچاپکردنیدا بۆ سێ ئەندازەی سەرەکی کاغەز دابەشبووە:

پارچەی گەورە: بە ئەندازەی (٦٠٠ × ٣٠٠) ملم و ئەو شێوەیە باوە. لە رۆژنامە فەرمی و جیهانیەکان پیادەدەکرێت.

رۆژنامەی بچووک: بە ئەندازەی (٣٨٠ × ٣٠٠) ملم، واتە نیو قەبارەی پارچەی گەورە.

رۆژنامەی مامناوەند، یان بەرلین: بە ئەندازەی (٤٧٠ × ٣١٥) ملم. ئەو شێوەیە باوە و لە رۆژنامە تایبەتە ئەوروپیەکان پیادەدەکرێت.

زۆرجار رۆژنامەکان لەسەر کاغەزێکی هەرزانی رەنگ سپی چاپدەکرێت پێیدەگوترێت (Newsprint)یان کاغەزی رۆژنامە. بەڵام لەدوای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا کۆنترۆڵکردنی هەموو شتەکان نمونەی چاپەمەنی و کۆمپیوتەرو کامیرای دیجیتال و کێبڕکێی لەنێوان رۆژنامەکان و هەندێک رۆژنامە لەسەر کاغەزی رەنگاوی تێچوونی مامناوەند و بەرز.

رۆژنامەکان رووبەڕووی گرفتی نرخی گرانی چاپ و کاغەز بوونەتەوە، بۆیە نرخی رۆژنامەکان بەشێوەیەکی گەورە بەرزبووەتەوە. بۆ زۆرێک لە رۆژنامەکان زۆرترین بڕی ریکلام بڵاودەکەنەوە کە خوێنەریش بێزاردەکات بەتایبەتی لەو کاتانەی کە ریکلام لەگەڵ ژانرەکانی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەکەدا تێکەڵبووە، هەندێجار لای خوێنەر ئاسان نییە جیاوازی لەنێوان ریکلام و وتارێکی راوبۆچوون بکات.

بەکارهێنانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی لە دەرکردنی رۆژنامە بووەتە پێویستییەک و ئەم سودانەی هەیە:

١- دەستەبەرکردنی پێویستیە هەنووکەیەکان و داهاتووەکان لەبواری راگەیاندن.

٢- رووبەڕووی سەردەمی زانیاری و پەیوەندی.

٣- بەرەوپێشچوونی پرۆسەی بەرهەمهێنانی رۆژنامەکان و هەموو چاپکراوەکان بۆ بەدەستهێنانی باشترین سود بۆ دروستکردنی رۆژنامەو چاپ و بڵاوکردنەوە.

٤- هاوشانی ئابووری لەنێوان تێچووی بەرهەم و داهاتی بەدەستهاتوو.

٥- دووبارە پلان دانان بۆ ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی خانەی رۆژنامەوانی لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێت.

٦- هاوشانی کێبڕکێ لەنێوان رۆژنامەو تەلەفزیۆن.

لەلایەکی ترەوە پێناسەیەکی تری رۆژنامە کراوە کە بریتیە لەو کەناڵەی کە بەشێوەیەکی دەوری دەردەچێت، توێژەری ئەڵمانی "ئۆتوگروت" پێنج پێوەری سەرەکی بۆ رۆژنامە داناوە کە لە کەناڵی دیکەی جیا دەکاتەوە، ئەوانیش بریتین لە:

١- بە شێوەی دەوری بڵاو ببێتەوە، بەجۆرێک لە هەفتەیەک تێپەڕنەکات.

٢- لە چاپخانە چاپبکرێت.

٣- ناوەرۆکەکەی هەمەرەنگ بێت، هەموو ئەو بابەتانە لەخۆبگرێت کە بەلای جەماوەرەوە گرنگە.

٤- لە کاتی دەرچونیدا کێشە هاوچەرخەکان چارەسەربکات و بەردەوامی پێوە دیار بێت.

سیستەمی نەخشەسازیی بنەرەتی هەر رۆژنامەیەک پێکدێت لە:

**پێکهاتە نەخشەسازیە گشتیەکان:**

ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

**١- قەبارەو جۆری کاغەزی رۆژنامە:** مەبەست لێرەدا قەوارەو جۆری ئەو کاغەزەیە کە رۆژنامەکەی لێ پێکدێت، ئایا قەوارەی لاپەرەکە ستاندەرە (٥٣-٥٦×٤١-٤٣)سم یان نیوەییە (تابلۆید) (٤١-٤٣×٢٦-٢٨). جۆری کاغەزەکەش سپیە زەردباوە سفتە ...هتد ئەم خاڵە دەبێت هەر لەسەرەتاوە پێش دەرکردنی هەر رۆژنامەیەک یەکلاییبکرێتەوە، چونکە ئەم خاڵە راستەوخۆ پەیوەندیی بە کەسێتی رۆژنامەوە هەیە.

**٢- ستوونبەندی:** واتە لاپەرەکانی رۆژنامەکە دابەشدەبێتە سەر ژمارەیەک ستوون. بەشێوەیەکی ئاسایی لەهەر رۆژنامەیەکدا کە قەوارەکەی ستاندەر بێت، ئەوا ستوونەکانی ژمارەیان لەنێوان (٨-٩) ستووندان کاتێک کە پانایی هەر ستوونێک (٨-٩کۆر) بێت. ئەمە لەکاتێکدا لە لاپەرەی بانگەوازەکاندا گەر تێبینی بکەین ژمارەی ستوونەکان بۆ (١٩) ستوون زیاددەبن.

**٣- دابەشکردن:** مەبەست لەدابەشکردنی بابەتەکانە بەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەکەدا بەجۆرێکی وا کە سەرنجڕاکێش بێت و خوێنەر بۆلای خۆی راکێشێت. دابەشکردن کارێکی گرنگ و بنەرەتیە، رۆژنامەیەک کە لاپەرەی یەکەمی تەرخانکرد بۆ هەواڵە گرنگەکان ئیتر نابێت لەو لاپەرەیەدا بابەتێکی هەمەرەنگ بڵاوبکرێتەوە، ئەمەش مانای (دیاریکردنی شوێنێکی جێگیر دێت بۆ لاپەرەکانی رۆژنامە کە لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر ناگۆرێت). ئەم دابەشکردنە سەرجەم لاپەڕەکانی رۆژنامەکە دەگرێتەوە.

**٤- رەنگ:** هەروەک چۆن پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە رەنگ رەگەزێکی بنەرەتی تایبۆگرافیای رۆژنامەیە، ئەوا لەهەمان کاتدا رەنگ دەبێتە یەکێک لە رەگەزەکانی پێکهاتە نەخشەسازیە گشتیەکانی هەر رۆژنامەیەک، ئەمەش واتە بەکارهێنانی رەنگەکانە بۆ نووسینی ناونیشانەکان. هەر رۆژنامەیەک کە دەقیگرت بەبەکارهێنانی رەنگێکی دیاریکراوەوە ئەوا خوێنەر هەر بەتەنها بە بینینی رەنگی ناونیشان، رۆژنامەکە دەناسێتەوە.

٥- **مۆتیف**: ئەمە (ئـەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئـاماژە بۆ ناوەرۆکی باتەکانی ئەولاپەڕەیە دەکەن). (موسی, ٢٠٠٤، ص٢٢)

مۆتیف بـەشێوەیەکی بەرچاو لە لاپـەرەی رۆژنامەکاندا بەرچاودەکەون و بە پانایی ستوونــەکان دەکەونە بــەشی سەرەوەی لاپــەرەی رۆژنامەکــە، وەک ئــەوەی لاپەڕەی (٣)ی رۆژنـامەیەک تەرخانبێت بۆ کێشەی هاوولاتیان، ئەوا لەسەرەوەی لاپەرەکە وێنەی خەڵکی پیشاندەدرێت، یان لەلاپەرەی وەرزش وینەی نیشانەی ئۆلۆمپیات یان دیمەنی وەرزشی بڵاودەکرێتەوە.

**قەبارەی رۆژنامە:**

لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٠ وە، زۆر لە رۆژنامەکانی رۆژانە بەیانییان لە قەبارەی گەورە (Broadsheet) و بەتاڵ بۆ تابلۆید گۆڕدران. پێش ئەوە قەبارەی تابلۆید زیاتر بە رۆژنامەی ئێواران بوو. ئەو قەبارە گەورانەی رۆژنامە لە ئەنجامی ریفۆرمی سەرانە لە (١٧٠٠) پەیدابوون. لەوکات زەرییە بە گوێرەی ژمارەی لاپەڕە لەسەر رۆژنامە داندرابوو. قەبارەی بێرلینێر (Berliner) لە سەردەمی قەیسەری ئەڵمانیا پەیدابوو و پۆستی ئەڵمانیاش لەوکات بڕیاری لەسەر قەبارەی رۆژنامەی وڵات دادەنا. لەخوارەوە قەبارەی تەواوی رۆژنامەکانی جیهانن.

- ❖ **قەبارەی بڕۆودشیت:** ئەمە بەتەواوی روون نییە، کە گەورەیی لاپەڕەکانی چەندە، چونکە لە چاپخانەیەک بۆ چاپخانەیەکی دیکە دەگۆڕێت. لەگەڵئەوەش (٣٨٥×٥٦٠) ملم بۆ قەبارەی بڕۆودشیت ستانداره.
- ❖ **قەبارەی بەتاڵ:** ئەم قەبارەیە بە گشتی (٣٨٥ـ٤١٠ ×٥٦٠)ملم و لەلایەن رۆژنامە گەورەکانی بەیانییان بەکاردەهێنرێت.
- ❖ **قەبارەی تابلۆید:** قەبارەیەکی دیاریکراو و ریک و دروست نییە و زۆرجار لە چاپخانەیەک بۆ چاپخانەیەکی دیکە جیاوازە، لەگەڵئەوەش قەبارەی ستانداری تابلۆید (٢٨٠×٣٨٥) ملم و رووبەری چاپی (٢٥٢ + ١٠×٣٦٠) ملم.
- ❖ **قەبارەی مەگەزینی بچووک:** نیوەی قەبارەی تابلۆیدە و لەناوەڕاست دەنوشتێتەوە و قەبارەی مەگەزینی بچووکی لێ دەردەچێت (١٨٨×٢٨٠) ملم.
- ❖ **قەبارەی تابلۆیدی گچکە:** ئەمە قەبارەی تابلۆیدە لە (٢٨٠ ×٣٨٥) بۆ (٢٥٠ × ٣٥٠) ملم بچوک کراوەتەوە و بڕاوە.

- **قەبارەی بێرلینێر:** ئەمە شەش ستوونی تابلۆیدە، کەچی بەشێوەیەکی گشتی تابلۆید لە پێنج ستوون پێکدێت. قەبارەی گشتی (٣١٥ × ٤٧٠ ـ٤٩٠) ملم.
- **قەبارەی نیو بێرلینێر:** ئەمەش قەبارەی (١٧٠ × ٢٥٠) ملم و هەندێجار لە سوید بە قەبارەی (کالیێ ئەنکەش) ناوی دەبەن.
- **قەبارەی مەگەزێن:** قەبارەیەکی تایبەتە بە بڵاوکراوەکانی سەندیکا و رۆژنامەی تایبەت (١٩٠ ـ ٢٢٥ × ٢٨٠ ـ٣٠٠) ملم.


theguardian
Labour's chief union backer attacks Miliband


قەبارەی بێرلینێر



CHICAGO SUN-TIMES
WIN $25,000!
GAY SCHOOL SCRAPPED
ESPN

قەبارەی تابلۆید


FINANCIAL TIMES
Ireland faces tax showdown

قەبارەی برۆودشیت


841 mm
52 mm 105 mm
210 mm
420 mm
A8
A6
A7
A4
Letter
A5
Legal
A2
279.4 mm
355.6 mm
215.9 mm
A3
A0
A1
74 mm
148 mm
297 mm
1189 mm
594 mm


Full Page
Full Page
Half Page
Half Page
1/3 Page
1/4 Page
1/4 Page
1/6 Page
1/6 Page

**خشتەی قەبارە جیاوازەکانی کاغەز لەرووی درێژی و پانییان بە مللیمەترو بە ئینج**

| Size | Height x Width (mm) | Height x Width (in) |
|---|---|---|
| ٤A٠ | ٢٣٧٨ x ١٦٨٢ mm | ٩٣,٦ x ٦٦,٢ in |
| ٢A٠ | ١٦٨٢ x ١١٨٩ mm | ٦٦,٢ x ٤٦,٨ in |
| A0 | ١١٨٩ x ٨٤١ mm | ٤٦,٨ x ٣٣,١ in |
| A1 | ٨٤١ x ٥٩٤ mm | ٣٣,١ x ٢٣,٤ in |
| A2 | ٥٩٤ x ٤٢٠ mm | ٢٣,٤ x ١٦,٥ in |
| A3 | ٤٢٠ x ٢٩٧ mm | ١٦,٥ x ١١,٧ in |
| A4 | ٢٩٧ x ٢١٠ mm | ١١,٧ x ٨,٣ in |
| A5 | ٢١٠ x ١٤٨ mm | ٨,٣ x ٥,٨ in |
| A6 | ١٤٨ x ١٠٥ mm | ٥,٨ x ٤,١ in |
| A7 | ١٠٥ x ٧٤ mm | ٤,١ x. ٢,٩ in |
| A8 | ٧٤ x ٥٢ mm | ٢,٩ x ٢,٠ in |
| A9 | ٥٢ x ٣٧ mm | ٢,٠ x ١,٥ in |
| A10 | ٣٧ x ٢٦ mm | ١,٥ x ١,٠ in |

**سێیەم: قوتابخانەکانی نەخشەسازیی و قۆناغەکانی سەرهەڵدانی**

لە نەخشەسازی رۆژنامەدا چەند قوتابخانەیەک بوونی هەیە و هەر قوتابخانەیەکیش لە کۆمەڵێک رێباز پێکدێت:

**١- قوتابخانەی کلاسیکی:**

لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە باوەڕیان بە هاوسەنگی رەگەزە تایپۆگرافییەکان هەیە وەک چۆن لە سروشتدا هاوسەنگی هەیە. ئەمیش دوو جۆر رێبازی هەیە:

ا- رێبازی هاوسەنگی ورد.

ب- رێبازی نزیک لە هاوسەنگی.

**٢- قوتابخانەی مۆدێرنە:**

بنەمانی رێبازەکانی ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمانی رزگاربوونە لە بیرۆکەی هاوسەنگی ورد، چونکە بە لایەوە دابەشکردنی رەگەزەکان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە دەتوانێت هاوسەنگییەکی راستەقینە دروستبکات. ئەمیش سێ رێباز دەگرێتەوە:

ا- رێبازی هاوسەنگی ناهاوشێوەیی.

ب- رێبازی چوار بەشی.

ج- رێبازی تەرکیزی.

**٣- قوتابخانەی نوێ:**

ئەم قوتابخانە درێژکراوەی بزوتنەوەی نوێگەرییە، کە بەر لە جەنگی جیهانی دووەم باسی لە تایپۆگرافیا کردبوو، کە خۆی لە گەورەکردنی وێنە و ناونیشانی گەورە و جێهێشتنی بۆشایی زیادە لە نەخشەسازیدا دەبینێتەوە. ئەمیش لە چەند رێبازێک پێکدێت:

ا- رێبازی نوێگەری/ تازەکردنەوەی ئەرکی.

ب- رێبازی دەرهێنانی ئاسۆیی.

ج- رێبازی دەرهێنانی تێکەڵ.

# سودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا بۆ نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامە

## پاری یەکەم: توخمی تایپۆگرافیا* لەلاپەڕەی یەکەم

ئەم پارەش دابەش دەکرێت بۆ چەند یەکەیەک:

### یەکەم: توخمی تایپۆگرافیای جێگیر

ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

١- **سەری لاپەڕە (تەرویسە):** سەری لاپەڕە (تەرویسە) لەلاپەڕەی یەکەم نیشانەی تایپۆگرافیای جێگیرە و تەرویسەش بەشێوەیەکی گشتی بەرزترین جێگە لەسەرەوەی لاپەڕەکە دەگرێت و لەهەندێ جاردا تەرویسە رادەکێشرێت بۆ ناوەڕاستی لاپەڕە، ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر هەواڵی گرنگ هەبوو کە شایەنی ئەوەبێ ببێتە مانشێت. گرنگترین یەکە تایپۆگرافیەکان لەسەرەوەی لاپەڕەکە بریتیە لە :

٢- **لۆگۆ:** پێکهاتەیەکی زارەکیەو بە یەکێک لە گرنگترین یەکە چاپەمەنییە ناوازەکانی رۆژنامەکە دادەنرێت، جیاوازی رۆژنامەکان لە بەکارهێنانی ئەو توخمە بەپێی سیاسەتی گشتی و دەرهێنانەکەیەتی، بەڵام زۆرینە لەپانتایی ناوەڕاستی بەشی سەرەوەی لاپەڕە بەکاریدێنێت و هەندێ رۆژنامەش بەئەنقەست لەلای راست یان لەلای چەپ و هەندێجاریش لەخوار سەرەوەی لاپەڕەکە بەکاریدێنن.

هەروەها لۆگۆ بەچەندین شێوە لە جیهاندا بڵاوە و بەکارهاتووە و دیزاینەرانیش لەو بوارەدا دەستێکی باڵایان هەبووە، بەمجۆرە دابەشکراوە:

١- لۆگۆ لەشێوەی رەمز: لۆگۆی ئەپڵ، مارسیدس

٢- لۆگۆ لەشێوەی نوسین: لۆگۆی فەیسبووک، سەنی

٣- لۆگۆ لەشێوەی حەرفی: لۆگۆ هەریەکێک لە کەناڵەکان سی ئێن ئێن، ئێچ پی

---

* تایپۆگرافیا: ئەو زانست و هونەرەیە کە پیتی چاپکردن لەخۆدەگرێت وەکو خشتەو وێنەو رەسم و رەنگەکان.

٤- لۆگۆ لەشێوەی نوسین و پیت: لۆگۆی کۆمپانیای ئەدیداس، پیزا هۆت

٥- لۆگۆ لە شێوەی وێنە: لۆگۆی چەندین کۆمپانیای جیهانی وەک پرینگلس




**شێوەکانی لۆگۆ ئامادەکردنی توێژەر**

٣- **دروشم:** پێکهاتەیەکی سادەی قەبارە بچووکە، گوزارشت لە واتاو هێمای قوڵ دەکات، نەخشەسازی ئەو دروشمە ملکەچی هەندێ پێوەری هونەری و زانستیە، هەروەک هونەری وێنە و هێڵ و دەرهێنان، لەکاتی هەڵبژاردنی توخمە هونەرییەکان بۆ هێمایەکە بۆ سیاسەتی رۆژنامەکە لە ڕووی پیت و ناو و جۆرەکەی، هەروەها هێڵەکان و پانتاییە رەنگیەکان. پێویست بە وردبینی دەکات، هەموو ئەمانەش بۆ شوناسی رۆژنامەکە هێمان.

٤- **گوێیەکان:** دوو یەکەی چاپکراو (وێنە، رکلام، نووسین، دەرخستنی بابەتەکانی لاپەڕەکانی ناوەوە) کە دەکەونە ئەملاو ئەولای لۆگۆ، هەندێجار رۆژنامەیەک بەئەنقەست بەتەنها یەک گوێ

لەیەک لا بەکاردێنێت ، بەشێوەی جیاواز لەڕووی رواڵەت وناوەڕۆکەوە بەکاردێت لەهەر رۆژنامەیەک کە بگونجێ لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکە.

هەندێ رۆژنامەی ئێستا لاپەڕەی کۆتایی هاوشێوەی لاپەڕەی یەکەم دەکەن، لەگەڵ جیاوازی ناوەڕۆکی هەردوو لاپەڕەدا، لاپەڕەی کۆتایی تایبەتکراوە بۆ هەواڵی هونەری و هەمەڕەنگ و هەندێ ستوونی کە دارشتنی کۆمەڵایەتی پێوە دیاربێت، لەکاتێکدا کە هەواڵی سیاسی نوێ و گرنگ و بنەڕەتی بۆ لاپەڕەی یەکەم ئامادەدەکرێت.

گوێیەکان لەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێن:

**أ- گەردەنەی لاپەڕە**

شوێنێکی وردەو دەکەوێتە ژێر لۆگۆ (لافتە)وە پانتاییەکەی لەمسەر تا ئەوسەری لاپەڕەکەیە یان کەمتر، بۆ هەندێ زانیاری تایبەت بە رۆژنامەکە تایبەتکراوە.

**ب-لاشە (بەژن)ی لاپەڕەکە**

لاشەی لاپەڕەکە "پانتایی لاپەڕە جیاوازە لەڕووی ئەندازەی (بەرزی و پانی) لەنێوان رۆژنامە ئاساییەکان (standard size) کە درێژییەکەی لەنێوان (٥٣ - ٥٦)سم و پانی (٤١-٤٣)سم، لەکاتێکدا درێژی رۆژنامەیەکی نیوەیی (tabloid) کە درێژییەکەی لەنێوان (٤١-٤٣)سم و پانیەکەش (٢٥-٢٧)سم."

بۆ خۆ رزگارکردن لە پلەبەندی دابەشکردنی ستونەکان بە یەک ئەندازە، رۆژنامەکان روویانکردە هەمەجۆری پانتایی ستونەکان، بۆ شکاندنی سروشت لاساییەی پێشوو تاکو کەشێکی ئارام ببەخشێت بە خوێنەر تاکو بێزا نەبێت لە خوێندنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەمەجۆرەدا پێویستە رەچاوی پانتاییە بۆشاییەکانی سنوری لاپەڕەکە بکرێت.

لەم لایەنەوە "ئاراستەی ئاسۆیی بۆ دەرهێنانی رۆژنامەوانی جوڵەیەکی بەرفراوان دەداتە لاپەڕەکە و ئازادییەکی زۆر بۆ دەرهێنەری ررۆژنامەوانی لەمامەڵەکردنی لەگەڵ توخمە تایپۆگرافیەکان بۆ دەرهێنانی هێڵکاری شێوازێک کە بگونجێت لەگەڵ قەبارەی لاپەڕەکە فەراهەمدەکات، تاکو لەکاتی خوێندنەوەی ئەوەی تایبەتە بە خوێنەر جوڵەی چاو ئاسان بێت."

**دووەم: توخمە تایپۆگرافیە نا جێگرییەکان**

ئەو رەگەزانەن کە دەجولێن، دەگۆڕێن، ئەویش بەپێی ویست و سیاسەتی رۆژنامەکە یان روداوەکە، چونکە یەکێک لە خەسلەتە بنەڕەتییەکانی رۆژنامە گۆڕانە، واتە (زۆر پێویستە بۆ هەموو رۆژنامەیەک کە دەخوازێت مسۆگەری سەرکەوتن بکات و پڕفرۆش بێت، ئەوا پێویستە لە هەموو رۆژێکدا سەرکەوتنێکی نوێ لە نەخشەسازیدا بەدەستبهێنێت). توخمەکان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

**١- پیتەکان:**

بە یەکێک لە گرنگترین توخمە تایپۆگرافیەکان دادەنرێت کە لەسەر لاپەڕەی چاپکراو دەردەچێت، پیتەکانیش لە سەردێرەکان و ناوەڕۆک (تێکستەکان)ی هەموو بابەتەکان پێکهاتوون، گرنگیەکەی لەوەدایە کە بنەڕەتە لەو بابەتەی بۆ بڵاوکردنەوەی خوێنەر ئامادەکراوە. (موسی، ٢٠٠٤، ل٢٠)

پیتەکانیش "لەشێکی رەق لەسەر شێوەی لاکێشەیەک بەرزبووەتەوە کە پیتێکی هەڵوگێڕە و لەکاتی چاپکردندا پیتەکە رێک نیشاندەدرێت، ئەو پیتە پیتێکی ئەبجەدیە یان بەشێکە لە پیتێک یان تێکەڵکێش زیاتر لە پیتێک، یان یەکەیەکی نەخش و نیگار یان هێڵێک یان ژمارەیەک یانیش هێمایەک."

پێکەوەنانی پیت لەم بەشانە (روو و شان و بەدەن). روو کە پیتەکە خۆیەتی، یان ئەو بەشەیە کە پرۆسەی چاپەکەی لەسەر دەکرێ بە کردار، شان ئەو بەشەیە کە رووی پیتەکەی لەسەر جێگیر دەبێت.

هەرچی لەشە یاخود بەدەنە، بەرزی بەرەو بۆسەرەوە، لەهەموو چاپخانەکان بەرزییەکی وەکیەکی هەیە، رووی پیتەکە هەڵدەگرێت (جێگیر بووە لەسەر شانەکەی) و قەبارەی پیتەکەش بە پانی شانەکە ئەندازە دەکرێت نەک بە پانی (رووی پیتەکە).

پیتەکان دوو جۆرن، سپین و رووەکەی ورد نییە، رەشن و رووەکەی پانن. لەبەرئەوەش بەپێی دەرئەنجامی کۆتایی بۆ چاپکردن ناونرا رەشوسپی، پیتە سپیەکان لە رۆژنامە بە وردی بەدیار دەکەوێت، هەرچی پیتی رەشە لە رۆژنامە کە چاپدەکرێت گڕن و رەنگێکی قوڵی هەیە.

هەرچی ئەو جۆرانەی کە ناسراوە لە خەتی عەرەبی، "نسخ و رقعە و پلپ و تەعلیقەو بەهۆی تەکنۆلۆژی کۆمپیوتەرەوە، کە چەشنی زیاتریان لێ دروستکراوە بەکاردێت."

بەشێوەیەکی گشتی قەبارە بچووکەکان کە زۆرجار نزیکە لەنێوان (٧-١٢ پۆنت "Point") ئاماژەن بۆ قەبارەی پیتی ناوەڕۆک، قەبارە گەورەکانیش کە پیتی سەردێرەکانن، ئەگەر کراو قەدەغەنەبوو لەبەکارهێنانی قەبارە گەورەکان لەکۆی پیتی ناوەڕۆک.

### ٢- سەردێڕەکان

**سەردێڕ:** (Headline) "توخمێکی تایپۆگرافیە، بنەڕەتە لە دروستکردنی لاپەڕەو دیاریکردنی هەیکەلی گشتیدا."

سەردێڕ: بریتییە لە نووسینی چەند وشە یان رستەیەک، لە پێش گوتار، هەواڵ یان هەر نووسینێکی دیکەی رۆژنامەوانی، بە فۆنتی قەڵەو و رەش و گەورە دادەنرێت تا لە نووسینەکانی دیکە جیابکرێتەوە.

سەردێڕی لاوەکی: لەرووی بایەخەوە بە پلە دوو دێت، لەدوای سەردێڕی سەرەکی رۆڵی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتە بڵاوکراوەکەی لاپەڕەکە دەگێڕێت. ئامانجی تایپۆگرافی، بۆ شکاندنی کەڵەکەبووی دێڕە بەردەوامەکانی ناو لاپەڕە و کەمکردنەوەی تاریکی دێڕە رەشەکان بەکاردێت.

**سەردێڕی جێگیر:** ئەو سەردێڕانەیە کە زۆرجار بەجێگیربوونی لەسەر ناوەڕۆک لەژێر چاودێری تایپۆگرافیەوە دەردەکەوێت، ئەو سەردێڕانە ئاماژەیەکە بۆ دەرگای ناونیشانی دەروازە و کۆڵەکەی نووسین لە ستونێکی تایبەتەدا کە گەورە نووسەرەکان بەشێوەیەکی بەردەوام و جێگیر لەهەر ژمارەیەک دەینووسن.

سەردێڕ بە شێوەیەکی تر دابەشکراوە، ئەوانیش:

١- سەردێڕی مەقەسی: مەبەست لەو نووسینە ئەوەیە کە سەردێڕی لە شێوەی مەقەسی دادەنرێت، لەم جۆرەیان لەناو رۆژنامەکانی کوردی تەواو پشتگوێ خراوە و هیچی پێ نانووسرێت.

٢- سەردێڕی ناوەڕاست: مەبەست لەو جۆرە سەردێڕە ئەوەیە، کە سەردێڕ لە ناوەڕاستی ئەو رووبەرەی بە نووسینەکە دراوە دادەنرێ، ئەمەش دەکرێ یەک دێڕ یان زیاتر بێت، بە

کۆنترین جۆری دانانی سەردێڕە و لە ساڵی (١٧٠٠) لە رۆژنامە ئینگلیزییەکان بەکارهاتووە و تا ئێستاش بەردەوامە.

٣- سەردێڕێ لای چەپ: سەردێڕێ لای چەپ یان دەستەچەپ، لە رۆژنامە کوردیدا تەواو پشتگوێخراوە و بەهیچ شێوەیەک لێی نانووسرێت. (لێرەدا مەبەستمان ئەو رۆژنامانە نییە کە بە پیتی لاتینی دەردەچن).

٤- سەردێڕی لای راست: مەبەست لە سەردێڕێ دەستە راست ئەوەیە، کە نووسینەکە هەمووی لە دەستە راستەوە دادەنرێ و دانەر گوێ بەو بۆشاییە نادات کە لە دێڕەکانی دووەم و سێیەمی سەردێڕ دێن.

٥- سەردێڕی خەتی پڕ: مەبەست لە خەتی پڕ ئەوەیە، کە سەردێڕ بەچەند دێڕێک دەنووسرێن و هەموو دێڕەکانیش درێژییان وەک یەکە یان پیتەکان زۆر لەیەک نزیکن.

٦- سەردێڕی یەک خەتی: مەبەست لەم جۆرە سەردێڕە ئەوەیە، کە بەیەک دێڕ تەواوی سەردێڕەکە دەنووسرێت.

٧- سەردێڕی ناوەوە: مەبەست لە سەردێڕی ناوەوە ئەو نووسینەیە، کە لە ناوەوەی نووسینەکە بە خەتێکی رەش و کەمێک گەورەتر و قەڵەوتر لەو فۆنتەی تێکستەکەی پێ نووسراوە دادەنرێت.

٨- سەرە سەردێڕ: مەبەست لە سەر سەردێڕ ئەو نووسینەیە کە بە فۆنتی کەمێک بچوکتر لە فۆنتی سەردێڕ دەنوسرێ و لە پێش سەردێڕ دادەنرێت.

٩- ژێرە سەردێڕ: ئەمەش لە رۆژمانە کوردییەکاندا، بە تایبەتیش لە گوتارە سیاسییەکان زۆر بەکاردێت.

### ٣-ڕەنگەکان

ڕەنگ مادەیەکی زیندووە کە ڕۆحێکی جودا دەبەخشێتە شێوە و هێڵ و خاڵ، لە دەروونداو ڕاو فرە هەستی جیاواز دەوروژێنێت، هەندێجار ڕەنگ ئەوەی قۆستووەتەوە کە ماناو هێما دەبەخشێت.

بۆیە دەرهێنانی ڕۆژنامە " بۆ سەرنجڕاکێشی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە، پشت بە بایەخی لایەنە شێوەیی و ڕواڵەتیەکان دەبەستێت. ڕۆژنامەکان بایەخیان بەڕەنگ دا تاکو بووە توخمێکی سەرەکی و بەشداربوو لە بونیادی شێوەیی ڕۆژنامەکە، یەکێکە لە لایەنە گرنگەکان کە دەرهێنەری ڕۆژنامە لە پێکهاتەیەکی گشتی بۆ ڕۆژنامە پشتی پێدەبەستێت، تاکو ببێتە فاکتەرێکی هاوکاری بۆ ڕوونی و دەرخستنی ناوی ڕۆژنامەکە یاخود ناوی بابەتەکە ئەوەش چ لەڕووی ناونیشان یاخود باکگراوند و وێنەو نووسین بێت، هەروەها دەمانبات بەرەو حاڵەتێکی دەروونی کە وا لەخوێنەر دەکات ئامادەبێت بۆ وەرگرتنی پەیام، یان وا لەپەیامەکە دەکات بەشێوەیەکی گەورە ماناو مەغزا دەداتە پەیامەکە.

ئەم جوداو لێکنەچووە وا دەکات پرۆسەی خوێندنەوە زیاتر چێژ ببەخشێت، هاوکاری ئەوە دەکات کە خوێنەر لەڕێگەی ڕۆژنامەیەکی چاپکراوەوە ئاراستەبکرێت ." کاتێک قسە لەسەر ئەو ڕەنگانە دەکەین کە لە ڕۆژنامەکان بەکاردێت، دەبێ باس لە پۆلینی ڕەنگەکان بکەین لەڕووی دەرهێنانەوە:

**یەکەم**: ڕەنگی مەرەکەبی بنەڕەتی بەکارهاتوو لە دروستکردنی ڕۆژنامەکە.

**دووەم**: ڕەنگە مەرەکەبەکانی دیکە.

- ڕەنگی مەرەکەبی بنەڕەتی بەکارهاتوو لە دروستکردنی ڕۆژنامە: "ڕەنگی ڕەش مەرەکەبی بنەڕەتە بەکاردێت لە چاپکردنی توخمە تایپۆگرافیەکانی سەر کاغەزی ڕۆژنامە بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکیەکان دادەنرێت، کە وەک بنەڕەتێک بۆ سەرجەم ڕەنگەکانی دیکە و فاکتەرێکی هاوکارە بۆ بەردەخستنی ناوەڕۆک بوونی هەیە لە ڕۆژنامەدا"، "هەروەها ڕەنگی ڕەش لە تێکەڵکردنی لەگەڵ ڕەنگی سپی لەسەر کاغەزدا ڕەنگێکی خۆڵەمێشی دروستدەکات کە لە ڕەنگە بێلایەنەکانە و هەرچەندە تەماشای بکرێت، چاو ئازار نادات."

-ڕەنگە مەرەکەبیەکانی دیکە: بە سەر دوو جۆر دابەشدەبن:

١- ڕەنگە سەرەکی و بنەڕەتیەکان کە بریتین لە: (سوور، شین، زەرد) کە لە ڕەنگی دیکە پێک نەهاتوون.

٢- ڕەنگە لاوەکیەکان کە بریتین لە: (سەوز، برتەقاڵی، وەنەوشەیی، ئەرخەوانی) کە لەتێکەڵکردنی چەند ڕەنگێکی سەرەکی پێکدێن. بەکارهێنانی ڕەنگەکانی دیکە بێجگەلە ڕەنگی ڕەش کە جێگای سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە بۆ هەندێ بابەتی گرنگ لەناو لاپەڕەکە و کاریگەریەتی لەسەر دەروونی خوێنەرە.

بەکارهێنانی ڕەنگی سوور بۆ نموونە لەڕەنگکردنی ناونیشانێک، یان بەرکاهێنانی ڕەنگی شین لە ڕەنگکردنی ناونیشانێکی دیکە یان نووسینی ناوی ڕۆژنامە یان لە کێشانی دروشمێک، یان بۆ نووسینی ناوی دەروازە جێگرەکانی ڕۆژنامە.

ڕەنگ ڕۆحیەتێکی جوانتر دەبەخشێتە وێنە فۆتۆگرافیەکان  زانیاری نوێی پێ دەبەخشێت و وا لەوێنەکە دەکات زیاتر ڕاستگۆیی و حەزی پێوە دیاربێت و وادەکات توخمی وێنەکەو ڕۆژنامەکەش زیاتر کاریگەری  لەسەر خوێنەر هەبێت.

## ٤-ئامرازی دەرخستن (خشتەو بۆشایی- بوار و چوارچێوەو کەش)

**أ- خشتە:** بریتیە لە "هێڵی باریک بۆشاییەک دەدەنە بابەتەکانی لاپەڕەکە دەکرێ بەدرێژایی بێت یان بەپانی، خشتە درێژەکان بۆشایی دەدەنە نێوان ستونەکانی لاپەڕە و پێیدەگوترێ خشتەی ستوونی. هەرچی خشتەی پانیە کە بە پانی ستونێک یان چەند ستونێکی لاپەڕە لە پچڕانی نێوان وێنەو ناوەڕۆک و ناونیشان درێژی زیاتر لە ستوونێک و بەکاردەهێنرێت، لە کۆتایی بابەتەکانی کۆبووەوە لەسەر زیاتر لەیەک ستوون بۆئەوەی پچڕانێک یا بۆشاییەک لەنێوانی و ئەو بابەتانەی دیکە و شوێنی ریکلامەکان."

**ب- بۆشایی - بوار:** هێڵی پان درێژییەکانیان جیاوازە و کۆتایەکانیان ناچنەناو خشتەکانی ستووەکان، ئەوانیش دوو جۆرن:

١- بواری کۆتایی: بەکاردێت لەکۆتایی بابەتەکان بۆ بواردان یان بۆشاییدان لەنێوانی بابەتێکی دیکە.

٢- بواری لقی: هێڵی کورتن بۆ بوارو بۆشاییدانان لەنێوان ناونیشان و بابەتەکە، یان لەنێوان یەکەی ناونیشان و بەشەکانی دیکەی بابەتێک بەکاردەهێنرێت، ئەو هێڵە کورتە بە واتای کۆتایی بابەت نییە، بەڵکو گواستنەوەیەک، یان بە مانای راوەستانێکی کورت دێت.

ج- **راستەهێڵ و بوارو چوارچێوەکان:** ئەم رەگەزە تایپۆگرافیایانەیە کە لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان دەبینرێن، ئەرکێک بەجێدەهێنن کە بریتیەلە تێکەڵنەبوونی بابەتەکان وهۆکارە بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوە.

١- **راستەهێڵ:** راستەهێڵ بەشێوەکی ستوونی، دوو ستوون لەیەکتری جیادەکاتەوە و بە راستەهێڵی درێژ دەناسرێت لەهەمانکاتێشدا لەناو یەک ستووندا بۆ جیاکردنەوەی بابەتێک لەیەکێکی تر بەکاردەهێنرێت و بە راستە هێڵی پان ناودەبرێت.

لە کاتی بەکارهێنانی راستەهێڵدا، وا پێویستدەکات بۆشاییەکی گونجاو لەنێوان کۆتایی دێرەکان و راستەهێڵکاندا هەبێت، بەجۆرێک نابێت بەیەکەوە بلکێن و پێویستە رەچاوی تۆخی و کاڵی و باریکی و ئەستووری راستەهێڵکان بکرێت، سەرباری ئەمەش پێویستە پەیوەندیی نێوان کاڵی و تۆخی راستەهێڵەکان و قەوارەی رۆژنامەکە لەبەرچاوبگیرێت، تاکو راستەهێڵەکان چاوی خوێنەرسەرقاڵ نەکەن، بەتایبەتی لەو رۆژنامانەی کە قەوارەیان نیوەییە وا باشترە راستەهێڵەکان زۆر تۆخ نەبێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە زۆرجار لەجیاتی راستەهێڵ بۆشایی بەکاردەهێنرێت و هەمان ئەرکی راستەهێڵکە دەبینێت. هەرچۆنێک بێت بەکارهێنانی ڕاستە هێڵ پێویستە مەبەستی سەرەکی خۆی بپێکێت دەنا ئەرکی خۆی لەدەستدەدات.

٢- **بوارەکان (الفواصل):** چەند هێڵێکی پانەو خاوەنی درێژی جیاوازە، ئەمسەرو ئەوسەری ناگاتەوە بە راستەهێڵی ستوونەکان، بەمەش بابەتەکان لەوی ژێرەوە جیادەکاتەوە، هەروەها بە ئاراستەیەکی پانی بۆجیاکردنەوەی نێوان کورتە هەواڵەکان و بابەتەکان بەکاردەهێنرێت.

بەکارهێنانی بوارەکان بە دوو شێوەیە:

١- بواری کۆتایی: هەر لە ناوەکەیەوە دیارە کە لە کۆتایی بابەتەکاندا بۆ جیاکردنەوەی لە بابەتێک لە بابەتەکەی دوای خۆی بەکاردەهێنرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بابەتەکە لەسەر هەمان پانتایی

بوو. شێوەی ئەم بوارانە بەگوێرەی ئاراستەی رۆژنامەکە دەگۆڕێت و چەند شێوەیەک وەردەگرێت (چوارگۆشەی رەش، بازنەی بچوک، رەش و سپی، هێڵی باریک، ئەستێرە).

٢- بواری لقی (فواصل فرعیە): (چەند هێڵێکی کورتە بۆ جیاکردنەوە لەنێوان ناونیشان و بابەت و بەشەکانی یەک بابەت بەکاردەهێنرێت)

لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت کە بوارەکان لەکۆتایی بابەتەکاندا بەکاردێن و لە رووی شێوەشەوە جیاوازن لە بوارە لقیەکان کە لەناو بەشەکانی یەک بابەتدا بەکاردەهێنرێن و شێوەی جۆراوجۆریان هەیە.

**ج- چوارچێوەکان:** بریتییە لەو پانتاییە رواڵەت چوارلاییە، کە چواردەوری بابەتە چاپکراوەی داوە، چ لەسەر ستوونێک یاخود هەواڵێک بێت و جیایدەکاتەوە لە سەرجەم بابەتەکانی دیکەی ناو لاپەڕەکەو بە یەکێک لە یەکە تایپۆگرافیە گرنگەکانی رۆژنامە دادەنرێت.

جۆریکی دیکە لە چوارچێوەکان ئەویش بریتیە لە (چوارچێوەی ناتەواو). کە تیایدا واز لە لایەکی هێڵێکی چوار هێڵەکە دێنیت، ئەم جۆرە چوارچێوەیەش سوودمەندە بۆ پڕکردنەوەی پانتایی یان بۆ شکاندنی توندی پانیایەکە بەکاردێت.

**د- کەش:** "پانتایی یان مەودای بەتاڵ لە چاپکردن، واتە بە رەنگی سپی لاپەڕەکە دەمێنێتەوە، ئەوەش توخمێکی گرنگ و سەرەکییە لە نەخشەسازی، ئامرازێکی سەرەکی و سەرنجڕاکێشە لە نەخشەسازی لە راکێشانی سەرنجی خوێنەر" ، "ئەو کەشەش زۆرجار لەنێوان توخمە تایپۆگرافیەکان و ستوون و وێنەو ناونیشانەکان دەبێت و بەگوێرەی جۆری نەخشەسازی و سستمی ئەو رۆژنامەیە دەبێت."

## سێیەم: توخمی تایپۆگرافیا لەرۆژنامە بەشێوەیەکی گشتی

پەیوەستە بە تایپۆگرافیا و بە توخمی تایپۆگرافیای گشتی ناسراوە، بریتیە لە پانتایی لاپەڕەو ژمارەی ستوون و پیت و خشتەو بوارو چوارچێوەو وێنەکان. توخمەکان بەم شێوەی لای خوارەوە دەبن:

### پانتایی لاپەڕەو ستوونەکان:

پانتایی لاپەڕە لەڕووی درێژی و بەرزییەوە دەگۆڕێت، لە رۆژنامەی ئاسایی بە قەبارە گەورەو رۆژنامەی نیویی (تابلۆید)، کە درێژی لاپەڕەی ئاسایی لەنێوان (٥٣ ـ ٥٦)سم و پانیەکەی لەنێوان (٤١ ـ ٤٣)سم، هەرچی پانیەتی نزیکەی (٢٥ ـ ٢٧)سم، بێجگەلەو رۆژنامانەی کە بۆ خۆی قەبارەیەکی داناوە کە دەکەوێتە نێوان رۆژنامەی ئاسایی و نیوەیی وەکو رۆژنامەی (لۆموند)ی فەرەنسی. هەرچی ستوونی لاپەڕەکانە لە زۆرێک لە رۆژنامە ئاساییەکان دەگاتە هەشت ستوون، لەکاتێکدا ستوونی هەر لاپەڕەیەک لە رۆژنامەی نیوەیی دەگاتە پێنج ستوون.

### ١- پیتەکان:

بەیەکێک لەگرنگترین توخمی تایپۆگرافیا دادەنرێت، کە لەسەر کاغەزی چاپکراو دەردەچێت، کە لێوەی ناونیشان و بابەتە بڵاوکراوەکە ئەگەر وتاربێت یاخود هەواڵ  ئامادەکرێت. گرنگی هەیە پیت، چونکە سەرەکی و بنەڕەتیە، لەبەرئەوەی بابەتی ئامادەکراو بۆ بڵاوکردنەوەو خوێندەوەی لێ ئامادەدەکرێت، بەڵام لەسەر جوان چاپکردنی دەوەستێت، چونکە چەندە روون بێت ئەوەندە لای خوێنەر مایەی ئاسانکارییە بۆ خوێندنەوە، بۆیە باشتر وایە بە بەردەوامی چاودێریبکرێت و بایەخی پێبدرێت و رەچاوی قەبارەی پۆینتی بکرێت، بۆ خوێنەر گرنگە، چونکە خوێنەر لە چەند چینێکی جیاوازن و بایەخ و ئارەزووی جیاوازو فرەیان هەیە.

پیت لەڕووی شێوازو رووەوە دابەشدەبێت، ئەو دابەشبوونەش لە گۆشەی جۆرو رەگەزەوە ئەنجامدەدرێت، لەو چوارچێوەیەش دەکرێت پێنج رەگەزی سەرەکی لە پیتەکانی لێجیابکرێتەوە، ئەو رەگەزانەش بریتین لە:

أ- رەگەزی قوتوی کۆن.

ب- رەگەزی هەناری.

ج- رەگەزی لار.

د- رەگەزی بێ ددان.

هـ - رەگەزی خەتی و کەوانەیی.

فرەیی رەگەزی پیتەکان و هەمەجۆری شێوەی زۆری ئەلفوبێی لاتینی لەنێوان شێوەی نوێ و کۆن و زۆربەی جار بووەتەهۆی کەمبوونەوەی جیاوازی نێوانیان. هەمەجۆری بەکارهێنانی ئەو پیتانە بەگوێرەی ویستی دەرهێنەری هونەری رۆژنامەکە و گونجاندنیەتی و سروشتی بابەتە راگەیاندنەکەیەو کە دەخوازێ چاپبکرێت و بڵاوبکرێتەوە، بەڵام پێویستە گونجانێک هەبێت لەنێوان شێوەی پیت و ناوەڕۆکی بابەتە نووسراوەکە یا چاپکراوەکە. تێبینی ئەو هەمەجۆرییەمان کردووە لە خوێندنەوەی زۆرێک لەو ناونیشانە بیانیانەو تێکستی وتارو هەواڵ و ریکلامەکان.

ئەو پیتانەی کە سەردێڕیان لێ دروستدەکرێت جیاواز لە جۆرو قەبارەو شێوەکانیان لەگەڵ ئەوانەی کە لەریکلامەکاندا دەبینرێن، لەگەڵ ئەو پیتانەی کە نووسینی بابەتێکیان لێ دروستدەکرێت. زۆری و هەمەجۆری پیت و رەگەزیان یارمەتیدەرە بۆ هەمەچەشنی لەدەرهێنانی هونەری و بەدیارخستنی زیندوویەک لێی، ئەوەش بەسروشتی حاڵ زیاتر دەخوێنرێتەوە، دەبێ لەکاتی چاپکردندا روونیەک لە پیتی چاپکراو و گونجاوی بۆ چاوی خوێنەر هەبێت.

دەتوانین بڵێین، هەر پیتێک لەو پیتانە خەسڵەت و جیاکەرەوەی هەیە، وا لە تایپیستەکان دەکات لەسەر ئەو بنەمایە بەکاریبهێنن، پیتە رومانیەکان جودایە لەگەڵ رەگەزەکانی دیکە و بەو شێوەیە دەبێ تایپیستەکان ئەوە بزانن کە کەی و لەکوێ بەکاریدەهێنن، زانینی ئەو پێشکەوتنە لە حەزو ئارەزووی خوێنەر و ئەو هۆکارانە چین کە ئارەزووی پیتێکی دیاریکراو دەکەن زیاتر لەوانی دیکە، هەوڵدەدرێت لە رێگەی راپرسی و توێژینەوەی زانستییەوە دەربارەی رۆژنامەو خوێنەر ئەو وەڵامە دەستەبەربکرێت.

یەکەم شت کە بڕیاری لەسەر دەدرێت لە پرۆسەی چاپکردن، هەڵبژاردنی قەبارەی پیتە (Size) هەروەکو چۆن جۆری کاغەزی گونجاو هەڵدەبژێرێت، قەبارەی پیت لەسەر رۆشنایی مەبەست لە بابەتی چاپکراو و ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدرێت، بڕیاری لەسەر دەدرێت.

یەکەمین شت کە پێویستە  لە پیتی چاپکراودا هەبێت، توانای خوێندنەوەیە، واتە پرۆسەی خوێندنەوەو گواستنەوەی چاو بەسانایی لەسەر بابەتە چاپکراوەکە، پاشان گەیشتنی بیرۆکەکە بێ هیچ بەربەستێک بۆ عەقڵی خوێنەر.

هەندێ هۆکار بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەسڵەتە لە پیتی چاپکراودا، بەجۆرێک خۆ بنوێنێ لە نەخشەسازی و بەرزی و ئەندازەو چڕیەکەی، هەروەها قەبارەی پیتیش هۆکارێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی خوێندنەوە.

شێوەو قەبارەی پیتەکان و پانیی دێرەکان و هەروەها ئەو سپیاتیەی کە لەنێوان دێرو وشەکاندا هەیە، گرنگترین فاکتەری تایپۆگرافیایە کە کاریگەری لەسەر خۆش خوێندنەوە هەیە. یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی شێوەی پیت و ئەو ڕێگەیەیە کە ڕۆژنامەی پێ چاپدەکرێت و ئەوەی بەسەر پیتەکاندا دێت لەکاتی پرۆسەی چاپکردنی جیاوازدا، بەتایبەتی کاتێ چاپکردنەکە پیتەکە لەڕێگەی قاڵبێکی ئاسانی یەککگرتوو بە ڕوونی دەردەکەوێت. بەکارهێنانی قەبارەی پیتەکان لەناو نووسیندا فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر ساناو ئاسان خوێندنەوە، پیتە گەورەکان خۆشترن بۆ چاوی خوێنەر لەچاو پیتە قەبارە بچووکەکان.

سێ فاکتەر هەیە کە قەبارەی پیت لە هەموو نووسینی ناوەڕۆکێکدا دیاریدەکات:

**فاکتەری یەکەم**: بە ئارەزووی پشوودانێک بە چاوی خوێنەر بە گەورەکردنی قەبارەی پیتەکان.

**فاکتەری دووەم:** ئارەزووی ڕۆژنامەکە بە زیاترکردنی بڕی بابەتی بڵاوکراوە لەو پانتاییەی کە لە لاپەڕەکەدا هەیە، ئەمەش بە بەدەستهێنانی بچووکردنەوەی قەبارەی پیت دەبێت.

**فاکتەری سێیەم:** پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ستوونەکان پانتر بکرێت.

قەبارەی پیتی ناوەڕۆک پەیوەستە بە چڕیەکەی، واتە مەودای ئەستووری هێڵی پیتەکان و لێوارەکانی، ئەگەر ئەستوور بێت ئەوا پێی دەگوترێت پیتی ڕەش، و ئەگەر باریک بێت ئەوا پێی دەگوترێت پیتی ئاسایی، ئەو دووە تەنها پلەیە کە ڕێگەی پێدراوە لەئامێرەکانی کۆکردنەوەی پیتی عەرەبی. بوونی هەردوو چڕییان لەکۆکردنەوەی پیتەکان کارێکی پێویستە و کۆمەڵێ فاکتەری تایپۆگرافیای دەرهێنانی دەوێ:

**خشتەکان:** لەسەر لاپەڕەی چاپکراو هەندێ خەتی باریک و پان و درێژ بەدەردەکەون پێی دەگوترێ خشتەکان، هەڵدەستی بە ئەرکی سنوورو بوار دانان لەنێوان ستوونەکان. هەندێ ڕۆژنامەی

نویَ وازی لێدێنێت و بۆشایی سپی لەجیاتی دادەنێت کە هەمان ئەرکی ئەو خشتانە دەبینێت، کە دابەش دەبنە سەر دوو جۆر بە خشتە درێژەکان و خشتە پانەکان دەناسرێن. و هەروەها هەمەجۆری لە خەتەکانی بۆ: "خشتەی باریک، و خشتەی سپی، و خشتەی نیو رەش، و خشتەی رەش، و خشتەی (مەجوز)، و خشتەی خاڵخاڵ، و خشتەی سێ یەک و سێ یەکەکان، و خشتی هێڵەکان، خشتەی مشرشر، و خشتەی پچڕاو، و خشتەی نیگادار."

**بواری ناتەواو**: بواری ناتەواو دوو جۆرن، لقی و کۆتایی، بەکورتی ئەرکی ئەو بوارانە بوارو بۆشایی دانانە لەنێوان بابەتێک و بابەتێکی دیکە، یاخود لەنێوان هەواڵێک و هەواڵێکی دیکە، یان وتارێک و وتارێکی دیکە، خەتەکەی لە خەتی خشتەکان ئەستورترە، هەندێ بوار لەژێر ناونیشانی لایەکان دادەنرێت بۆ هەندێ بابەت، هەندێکی دیکەش ئاماژەن بۆ درێژبوونەوەی بابەتەکە بۆ لاپەڕەکانی دیکە کە شێوەیەکی نەخش و نیگار جیاوازن.

**چوارچێوەکان:** چوارچێوە لە هەر چوارلایەکەوە بە دەوری هەندێ هەواڵدا دەکێشرێت، ئەمەش لە رەگەزەکانی تایپۆگرافیان، چوارچێوە بایەخ و گرنگیەک دەداتە بابەتەکە، هەندێجاریش چوارچێوە بەکاردێت بۆ ئاماژەدان و جارجاریش هەندێ بابەتی ژمارەی رۆژنامەکە لەخۆی دەگرێت، و چەندان رێگەی دیکە لەبەکارهێنانی لە چوارچێوە.

وێنە: رەگەزێکی سەرەکییە بۆ نەخشەسازی لاپەڕە و بە یەکێک لە رەگەزە گرنگەکانی بونیادی ئەرکی دەرهێنانی رۆژنامەوانی دادەنرێت، کە شێوەکانی وێنەگیراو و رەسمی بەیانی و روونکردنەوەیی و کاریکاتێری لەخۆدەگرێت. وێنە بە هەڵکەندن لەسەر دار دەستیپێکرد، دوای ئەویش بە رێگەی جیاکردنەوە.

پاشان بە رێگەی دیکە هەروەک هەڵکەندن لەسەر ئاسن بە سپی و رەش، تا وایلێهات لەدوای سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەڵکەندن پەرەی پێدراو بوو بە رەگەزێکی تەواوکار بۆ بابەتی نووسراو.

کۆمێت و نوسینی ژێر وێنەکان بە یەکێکی تر دەژمێردرێن بۆ روونکردنەوەی وێنەکان و تێکەڵبوونی ئاسان تێگەیشتنی خوێنەر.

## چوارەم: ڕەگەزە نامادییەکانی نەخشەسازی

ناونانیان بە ڕەگەزە نامادیەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرجەستەیی نین، بەڵکو ئێمە لەکاتی خوێندنەوەدا هەستی پێدەکەین، لەهەمانکاتیشدا تەواوکەری ڕەگەزە مادییەکانی وێنەو ڕەنگ و ناونیشان و بۆشاییە. ئەم ڕەگەزە نامادییانە بنەمای هونەری دەرهێنانی هەر رۆژنامەیەکە و دەتوانین بیچوێنین بە رۆح لە جەستەدا.

**ڕەگەزەکان ئەمانەن:**

١-جوڵە.

٢-ریتم.

٣-گونجانی شێوە و ناوەرۆک.

**١- جوڵە:** ئەم ڕەگەزە لە ڕێگای جوڵەی دابەشکرندنی بابەتەکان لەناو لاپەرەی رۆژنامەدا هەستی پێدەکەین، (جوڵە وا لە خوێنەر دەکات تەماشای ئاراستەی ویستراو بکات). ئەم جوڵەیە کە باسی دەکەین سێ ئاراستەی هەیە:

أ- راست بۆ چەپ: بەپێی جوڵەی چاوە لەکاتی خوێندنەوەدا، بۆ نمونە ئێمە لە ڕاستەوە دەستپێدەکەین بۆ لای چەپ، بەڵام لە رۆژنامەی ئەوروپیدا لە چەپەوە بۆ لای ڕاستە.

ب- سەرەوە بۆ خوارەوە: ئەم جوڵەیە ئاراستەی خوێندنەوەیە، (لێکۆڵینەوەکان لەبارەی بینینەوە ئەوەیان دەرخستووە کە جوڵە لەسەرەوە بۆخوارەوە ئاسانترە لە جوڵەی خوارەوە بۆسەرەوە، چونکە ئەمە پێچەوانەی تاودانی زەوییە)، هەر لەبەر ئەمەیە کە دەرهێنانی رۆژنامەوانی گرنگی بە جوڵەی سەرەوە بۆ خوارەوە دەدات، بەو پێیەی سەرەوە، بابەتە گرنگەکان یان هەواڵە گرنگەکان لەخۆدەگرێت.

ج- جوڵە لە پێشەوە بۆ قوڵایی: ئەمە گوزارشتە لە قوڵایی، واتە (تۆڕی چاو لە دوو ڕەهەندەوە وێنە وەردەگرێت (ڕاست بۆ چەپ) (سەرەوە بۆ خوارەوە)) ئەمەش لە چرکەساتی تەماشاکردندا ڕوودەدات.

**٢- ریتم:** ریتم بە گرنگتیرن ڕەگەزی نامادی پێکهاتەی نەخشەسازیی دادەنرێت کە بەشداری لە پێکهاتەی لاپەڕەیەکدا دەکات، هەروەها گونجانێکیش لەنێوان پێکهاتەکاندا دروستدەکات. (مەبەست لە

بەدیهێنانی ریتم لە لاپەڕەی رۆژنامەیەکدا دورخستنەوەی خوێنەرە لە بیزاری و خولقاندنی کەشێکی ئارام لە کاتی خوێندنەوەی رۆژنامەکەدا).

ریتم کاتێک بەدەستدێت کە لە هەموو روویەکەوە رەگەزەکانی تایپۆگرافیا بەباشی رێکخرابن. ریتم بەمشێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

أ- ریتمی یەک بابەت لەنێوان رەگەزە تایپۆگرافیەکانی یەک بابەت: لێرەدا ریتمەکە پلە بە پلە لە ناونیشانەوە دەستپێدەکات، پاشان پێشەکی و دواتر کرۆکی هەواڵەکە پێویستە بەمشێوەیە (ناونیشان بە قەوارەی ١٨ و پێشەکی بە قەوارەی ١٤ و کرۆکی هەواڵ بە قەوارەی١٢ نوسرابێت.

ب- ریتمی ناوەرۆک لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکانی تردا: ئەمەش لەرێی گەڕان بەناو بابەتەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە و لەراست بۆ چەپ بەرجەستەدەبێت. بەمەش خوێنەر بێئەوەی توشی هیچ پچڕانێکی زەینی ببێت لە ناونیشانێکەوە دەچێت بۆ ناونیشانێکی تر.

ج- ریتمی رەنگ: ئەمەش لەرێی گونجانی نێوان قەوارەی پانتاییە رەنگارەکان و دابەشکردنی رەنگ بە پانتایی بینیندا دێتەدی. بۆئەوەی ریتمی رەنگ بە تەواویی بەرجەستەبێت، پێویستە لەگەڵ بابەتەکاندا گونجاو بێت واتە (ئەو رەنگەی کە بەکاردێت دەبێت خزمەتی بابەتەکە بکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە نەک هەواڵێکی ئاسایی گرنگیەکی وای پێبدرێت کە شایەنی ئەو گرنگیە نەبێت).

**دووەم: پرۆگرامی نەخشەسازیی رۆژنامە**

**ناشر مەکتەبی**

دەستەواژەی ناشر مەکتەبی (desk top publishing) بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی سیستم ئامێرێک کە بە کۆمپیوتەر کاردەکەن بۆ داهێنان و دۆزینەوە و رێکخستنی لاپەڕەکان و بەرهەمهێنانی لاپەڕە نموونەییەکان، مامناوەندی یاخود ئاستی سیفەتی بەرز کە پێش دانی فەرمانی دەرکردنی بەهۆی یەکەی وەدەرەکان رێگە بە بینینی لاپەڕە تەواوبووەکان دەدات.

تەکنۆلۆژیای ناشر مەکتەبی رێگەپێدراوە بۆ فەراهەمکردنی هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە هەیە، لە مەکتەبی تایبەتکراو بۆ بلاوکردنەوەی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر لە پێنوس و فلچەو لاستیکی سڕینەوەو کەلوپەلی نووسین و راستکردنەوەی هەڵەکان و کەلوپەلی نەخشەسازی تا دەگاتە تەنگەی یاخود سەبەتەی شتە پشت گوێخراوەکان، کە ئەمانە هەموو لەگەڵ پرۆگرامی کۆمپیوتەردا هەن، بەلام پێویستی بە کەسانێکە کە خاوەن ئەزمونێکی بەرزبن.

ئەوە رێگە بەدەرهێنەری رۆژنامەوانی دەدات، کە توانای بەکارهێنانی سەرجەم پیتە جیاوازەکان لە چاپکردن و دیاریکردنی پلە جۆراوجۆرەکانی و قەبارەی نووسین و مەودای نێوان دێڕەکانیان و پلە جیاوازەکانی ئەملاو ئەولاکان و ئاستی رێکخستنی ستوون و وێنە لەناو نووسین. بەدەستهێنانی پلەیەکی بەرز لە کۆنترۆلکردنی رەگەزە تایپۆگرافیەکان و کۆنترۆلکردنی ئاستی روناکردن و پلە رەنگەکان و پرۆسەی جیاکردنەوەی رەنگەکان.

هەروەها دەرفەت بۆ دەرهێنەری رۆژنامەوانی رەخسا کە بتوانێت دەرهێنانی ماکێتی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی بکات، ئەوەش لەرێگەی پرۆسەی کۆنترۆلکردنی زانیارییەکانی ناو یادگای سستمی ناشر مەکتەبییەکە.

بەو شێوەیەش دەتوانرێت گۆڕانکاری لەسەر شێوەی لاپەڕەکە و بابەتەکانی بەئاسانی بکرێت، بەو وێنەیەی لەسەر شاشەکە دەردەچێت دەگوترێت (what you get) ـ ئەوەی دەیبینی (what see you) واتا ئەو شێوەیەی لەسەر شاشەکە دەیبینین هەمان ئەو ئەوەیە لەسەر کاغەزی چاپکراو چاپدەکرێت.

ئەو سێ کۆمپانیانەی کە هەڵسان بە گۆڕانکاری گرنگ لەبواری دەرهێنانی رۆژنامەوانی "شۆڕشی ناشر مەکتەبی لەساڵی ١٩٨٤هاتەکایەوە لەگەڵ سێ کۆمپانیای دیکە کە هەڵسان بە گۆڕانکاریەکی

گەورە لە دروستکردنی کۆمپیوتەر، ئەو کۆمپانیایانەش دەزگای ئەپڵ بۆ کۆمپیوتەر (apple computerInc)و ئەلدۆس (Aldos) و ئەدۆب (adobe) ، ئەپڵ پێشکەوتنی دا بە ماکنتۆش و ماوس و پرنتەری لیزەری بۆ زیادکرد. کۆمپانیای ئەلدۆیس پرۆگرامی (page maker) ی بۆ نەخشەسازی لاپەڕەکان و دەرهێنانی و چاپکردنی پێشکەشکرد، کۆمپانیای ئەدۆبیش (post scripg) پێشکەشکرد، کە زمانی چاپکردنە بۆ وەسفی لاپەڕەکان و پرنتەری لێزەری بۆ بەرهەمهێنانی پیتی جیاواز وتێکست و رەگەزە گرافیکیەکان". رۆژنامەکانی (خەبات و کوردستانی نویێ) پرۆگرامی (وردو پبلیشەر و ئەدۆب ئیندزاین)ی هەڵبژارد بۆ نەخشەسازی لاپەڕەکانی رۆژنامەکانیان تەنها رۆژنامەی (خەبات) ئێستا ئەو بەرنامە بەکاردەهێنێت و رۆژنامەکانی تری کوردستان بەرنامەی ئەدۆبی ئیندزاین بەکاردەهێنن.

زۆربەی رۆژنامەکانی ئەمڕۆ و لەناویشیاندا رۆژنامە گەورەکان لەسەرتاسەری جیهان لە پرۆسەی دەرهێنانی رۆژنامەدا پشت بە تەکنیکی ئەلیکترۆنی دەبەستن، کە هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنان لە هەموو رەگەزەکانی تایپۆگرافی و گرافیکی لەخۆدەگرێت، جا چ نووسین یان ریکلامی بڵاوکراوە بێت لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکە.

بەشێوەیەکی سەرەکی بە پرۆسەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە دەرهێنان و جێبەجێکردنی لاپەڕەکانی رۆژنامە دەگوترێت دەرهێنانی ئەلیکترۆنی، واتە کۆمپیوتەرە کە بواری ئەوەمان پێدەدات ئەم یەکەو تایپۆگرافیانە وەکو پیت و وێنە و رەگەزی بوارو بۆشایی بەکاربێنین، کاریگەری تایبەت وەک باکگراوندی جیاواز، ئەمە جگەلە چارەسەری تایبەت لە پێدانی رەگەزە چاپکراوەکان و چاپکردنی نەحتی، دابەشکردنی یەکەکان لەسەر لاپەڕەکان بۆ پێکهێنانی نەخشەسازی بنەڕەتی بەپێی ئەو شێوازە بنەڕەتیانەی کە پێشتر بۆی ئامادەکراوە و بەشێوەیەکی دەستی بە بەکارهێنانی شاشەی کۆمپیوتەر کار لەسەر ئەو بوارە دەکرێت، بێجگە لەکیبۆرد کە تایبەت و ئامادەکراوە پێشتر دەتوانرێت بەهۆیەوە چاپکردنی پیتەکان ئەنجامبدرێت.

## پێکهاتەی سیستمی ناشر مەکتەبی:

سیستمی ناشر مەکتەبی ئەلیکترۆنی بە چەند ئامێرێکی ئەلیکترۆنی بەکاردێت وەک: کۆمپیوتەر، پرنتەری لێزەری، پرۆگرامی ناشر مەکتەبی، هەروەها ئامێری سکەنەر (scanner) و مۆدێم (modem) بەڕاستکردنەوەی هێماکان، پرۆگرامێک بۆ فاکسملی fax software program) ( کە ڕێگە بە ناردنی فایلەکان لەڕێگەی فاکس و بەهۆی ئامێری مۆدیۆمەوە، دەدات.

پرۆسەی ناشر مەکتەبی بە سێ قۆناغ تێدەپەڕێت:

١- ئامادەکردنی ڕەگەزەکان.

٢- ڕێکخستنی لاپەڕەکان.

٣- دەرهێنانی لاپەڕە تێستەکانە.

ئامادەکردنی ڕەگەزەکان، ئامادەکردنی نووسین و ڕەسم و گۆڕینی وێنە بۆ شێوەی دیجتاڵ بەهۆی سکەنەر یان کامیرانی دیجتاڵیەوە.

بەشێوەیەکی دیکە دەتوانرێت کارە هونەریە دیجیتاڵەکان بەهۆی پرۆگرامی ڕەسمەوە ئامادەبکرێن، کاتێک وێنەکان لە یادگای کۆمپیوتەر هەڵدەگیرێت، بەشێوەیەکی دیکە دەتوانرێت بەهۆی پرۆگرامەکانی ڕەسمکردن کارە هونەریە دیجیتاڵیەکان ئامادەبکرێت. کاتێ لەسەر کۆمپیوتەر وێنە هەڵدەگیرێت، دەکرێت بەهۆی پرۆگرامی وێنەوە بۆ ڕێکخستنی زۆریی روناکی و ڕەنگ و پلەی دەرکەوتنی چارەسەرییبکەین.

چاوەدانەسەری پرۆسەی ئامادەکردنی ئەلیکترۆنی "دەرهێنەر داوای هەموو وتار، هەواڵ، ریکلام، وێنەی فۆتۆگرافی و ڕەسمی سەرەتایی بەهەموو جۆرە جیاوازەکانانەوە دەکات، کە هەموویان هەڵگیراون لەشێوازی داتا لە ناو سستمەکە، نەخشەسازی لاپەڕەکان لەسەر شاشە بە راستەوخۆ کاریان لەسەر دەکات، لەڕێگەی هەستانی دەرهێنەر بە تایبەتکردنی پانتانی گونجاو بۆ بابەتەکان و وێنەکان لەبەرامبەری لەسەر شاشەکەو هەروەهاش بۆ ریکلامەکان."

## پرۆگرامی ناشر مەکتەبی:

لەبەر سیستمی ناشر مەکتەبی و جێبەجێکردنی زۆری لە بواری دەرهێنانی رۆژنامەوانیدا. هەندێ پرۆگرانی ئامادەکراو هەیە بۆ دەرهێنانی لاپەڕەکان بەپێی هەندێ نمونە کە پێشتر ئامادەکراوە، هەموو رەگەزەکانی لاپەڕە لە نووسین و وێنە دەدرێتە کۆمپیوتەر، پاشان نمونەیەک لە نەخشەسازی بۆ لاپەڕەکەت لەناو نمونە ئامادەکراوەکان هەڵدەبژێریێت و تەنها(ok) دادەگرێت بەو شێوەیەی کە هەڵبژێراوە، بەمجۆرەش نەخشەسازییەکە بەبێ ماندوبوون بۆ ئامادەدەکرێت.

## گرنگترین ئەو پرۆگرامانەی کە نەخشەسازیی رۆژنامەیان پێکراوە:

### ١ـ پرۆگرامی ناشر مەکتەبی

پرۆگرامی ناشر مەکتەبی "بەرفراونترین و بەربڵاوترین پرۆگرامی نەخشەسازییەو لە چارەسەرکردنی نووسین و وێنەو نەخشەسازی لاپەڕەکان و پێکەوەنانی بەکاردەهێنرێت، هەتاکو ئامادەکردنی لاپەڕە ئامادەکراوەکان بۆ چاپکردن و جیاکردنی رەنگەکان، پێشکەوتنێکی عەرەبی بۆ پرۆگرامی (نەخشەسازی ستۆدیۆ) کە کۆمپانیای لیتراست بەرهەمی هێناوە، بەهۆیەوە دەتوانرێت هەموو شتێ لە بەڵگەنامەیەکی ئاسایی تا دەگاتە رۆژنامەو گۆڤاری پێشکەوتوو رەنگاوڕەنگ و کتێب بەرهەمبهێنرێت."

### ٢ـ پرۆگرامی کوڕال درەو (Coral Draw)

ئەم پرۆگرامە لە پرۆگرامە سەرەکیەکانە، پڕاوپڕە لە بیرۆکەی نەخشەسازی و بەجێهێنانی لە رێگەی بەجێهێنانی جێبەجێکردنی و کەلوپەلە زۆرەکەی بۆ بەکارهێنان، ئەم پرۆگرامە دەرفەت و توانای کارکردنمان پێدەبەخشێت لەگەڵ کاری چەماوەیی و رەگەزی بونیادی ئەندازەیی ناوازە بە کاریگەرییەکی بەرزو وردی هونەری.

ئامێرێکی بەهێزە بۆ چارەسەرکردنی پیت و نووسین بۆ دروستکردنی دروشم و کاری هونەری کە پشت بە شێوەی پیت و نووسین ببەستێت.

لەم پرۆگرامەدا چارەسەری نەخشەسازی تەکنیکی هەیە دەکرێ کورتی بکەینەوە بۆ:

١- کێشانی شێوەی ئەندازەیی، وەکو بازنە، چەماوەوە، راستە هێڵ.

٢- دروستکردنی چەماوە داخراوەکان و نووسین.

٣- راستکردنەوەی شێوەکان (گەورە ـ بچووک ـ جولاندن).

٤- دروستکردنی کاریگەرییە هونەرییە سێ لاییەکان لەسەر رەسمەکان.

هەروەها لەناو ئەو پرۆگرامە سەرەکییە (coral draw) ، پرۆگرامی لاوەکی بە (photo paint) دەناسرێت، بۆ چارەسەرکردنی وێنەی فۆتۆگرافی کە لەڕێی سکەنەر (scanner)ەوە دەدرێتە کۆمپیوتەر.

## ٣ـ پرۆگرامی کوارک ئێکسپریس (Quark Expeess)

پرۆگرامی کوارک ئێکسپریس "ئەم پرۆگرامە پێگەیەکی بەهێزی لە خانەی بڵاوکردنەوەی گۆڤارە گەورەکان لە جیهاندا هەیە، بەو پێیەی کە سیستمێکی پێوەرییە نزیکە لە ناشر مەکتەبی بەناوبانگ". لە سیفەتە زیادەکانی پرۆگرامی کوارک (ئەرابیک ئێکس تی) و دەکرێ (کوارک ئێکسپرێس) لە پێشوازی بارستی نووسین و هێڵی عەرەبی بێئەوەی پشت بە ئەرکە بنەڕەتیەکانی پرۆگرامەکە ببەستین.

لەکۆتاییدا دەرفەت بە دەرهێنەر دەدرێت، کە سیستمی ناشر مەکتەبی عەرەبی دەستکەوێت، بە چەشنێک لە توانادا لەڕووی تایبەتمەندی و سروشتی پێکهاتەی پیتەکانیەوە هاوشانی پرۆگرامە سەرەکیەکە بێت.

ئەو پرۆگرامەش چەندی خەسڵەتی هەیە کە بریتین لە:

١- توانای دروستکردنی ماکێتی لاپەڕەی هەیەو کۆنترۆڵکردنی لەدابەشکردنی ستوونەکان.

٢- توانای کۆنترۆڵکردنی هەموو شێوەو قەبارەی ناونیشانێک لەناو لاپەڕەدا.

٣- توانای کۆنترۆڵکردنی وێنەی هەیە لەڕووی شێوەو قەبارەی.

٤- کۆنترۆڵکردنی چارەسەریی لە رەنگ سێبەرو دیاریکردن و بەتاڵکردن و پیت و ئەستورکردن لەخۆدەگرێت.

٥- توانای نەخشەسازی باکگراوند بە شێوەی ئەندازەیی و نائەندازەیی.
٦- کۆنترۆڵکردن لە هەڵبژاردنی ڕەنگی گونجاو بەپێی ئەوەی کە دەرهێنەر پێی باشە لە نەخشەسازی لاپەڕەکەیدا بەکارییهێنێت و توانا تێکەڵکردنی ڕەنگ لەگەڵ یەکترو گۆڕان تیایدا.
٧- هەروەها دەکرێت نووسینەکان بە شیوەیەکی نارێک بنووسرێن، وەک چەماوەیی یا هەر شێوەیەکی دیکەی داهێنراو.
٨- توانای لابردن و زیادکردن لە ڕەگەزەکانی فۆتۆگرافی.
٩- توانای گۆڕان لە شوێنی بابەتەکان لەناو لاپەڕە بەپێی ئەو ڕێکخستنەوەی بۆ لاپەڕەکە بگونجێت.
١٠- جگەلە خەسڵەتی دیکەی پرۆگرامەکە لە فڕێدان و گەڕانەوەی.

**٤. پرۆگرامی پەیج مەنیجەر ( page manager)**

پرۆگرامی پێج مەنیجەر "ئەم پرۆگرامە لەساڵی ١٩٥٨ دروستکراوە، کەوتە بازاڕەوە، تاکو ببێتە یەکێک لەو پرۆگرامانەی بەشێوەیەکی بەرچاو نوێگەری و داهێنانی تێدا بەدیبکرێت". لەلایەن کۆمپانیای (وینسۆفت)ی فەرەنسیەوە پەرەپێدرا لە کۆپیە لاتینیەکەی لە پرۆگرامی E-page) (managerلەکۆمپانیای.(Aldus) . فێرژنە عەرەبیەکەشی هەمان ئەو توانایەی هەیە کە پرۆگرامی ناشر مەکتەبی هەیەتی.

ئەم پرۆگرامە بەوە دیارە کە هێزێکی گەورەی هەیە لە گونجاندن و نەخشەسازی ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیای لاپەڕەکە، گرنگ نییە بە هەر چ زمانێک ڕۆژنامەیە پێ چاپبکرێت، چونکە ئەو پرۆگرامە وا دروستکراوە کە هەموو جۆرە نەخشەسازیی گرافیک ئەنجامبدات (نەخشەسازی بە مەبەستی چاپکردن) لەگەڵ نووسین و چارەسەری هەموو بابەتە نووسینەکان و تێکەڵکردنی لەگەڵ وێنە، هەروەها توانای سوڕانی تێکست یاخود بابەتەکە لە دەوروبەری هەر باکگراوندێک، توانای پێدان و پیت و نزیکردنەوەو دوورخستنەوەی پیت و بەرزکردنەوەو داگرتنیشی، واتە هەر گۆڕانێک کە بتەوێ لێی بکەیت.

**٥- بەرنامەی پەیج میکەر ( page maker)**

بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە دەتوانرێت هەموو شێوەکانی پرۆسەی دەرهێنانی هونەری بۆ چاپکراو و ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان بکرێت، لەڕێگەی تێکەڵکردنی نێوان نووسینەکان بەشێوازی نوێ و ئاسان، هەروەها بوونی هێزی ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی نەخشەسازیی جیاواز بۆ لاپەڕەکە بە وشەو وێنەوە بدات، کە جوانییەک بە لاپەڕەکە دەبەخشێنێت.

سەرچاوەیەکی گرنگ و بەهێزە بۆ ناشر مەکتەبی کە کۆمپانیای ئەدۆب بەرهەمی دەهێنێت. چەندین ڤێرژنی هەیە، تایبەتمەندی و خەسڵەتی گەورەی لەبواری نەخشەسازی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەیەو دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ هەموو پرۆگرامەکانی کۆمپانیای ئەدۆب بکات، لەڕێگەی هەمان بەرنامەوە دەتوانێت هەموو فایلێکی پێج میکەر بەهەموو ناوەڕۆکی لە وێنە و تێکست و لایەرەکانیەوە بکاتەوە.

ئەو بەرنامانەی سەرەوە ئێستا بۆ کاری نەخشەسازی و دیزاینی ڕۆژنامە و گۆڤار بەکارناهێنرێن.

**٦ـ پرۆگرامی چارەسەری وێنە ( adobe photo shop)**

پرۆگرامێکی تایبەتە بە چارەسەر وێنە، لەلایەن دەرهێنەرەکانەوە زۆر بەکاردەهێنرێت،

بەو پێیەی توانایەکی گەورەو خەسڵەتی زۆری هەیە، کە دەتوانێت داواکاریی و پێویستیەکانی دەرهێنەر دەستەبەربکات.

ئەو پرۆگرامە لەساڵی ١٩٩٠ لەلایەن کۆمپانیای ئەدۆبی دروستکرا، وا دانراوە کە کەسانی ناشارەزاش دەتوانن بەکاریبهێنن. لەدیارترین خەسڵەتەکانی:

١- لە سەرەتاوە توانای دروستکردنی وێنە یا تابلۆیەکی هونەری هەیە، لە لاپەڕەیەکی سپیەوە، پاشان دەست بە وێنەکردن بەهۆی کەلوپەلی هەمەجۆرەی ڕەسمکردن کە لەناو پرۆگرامەکەدا هەیە.

٢- توانای کارڕایی گۆڕانکاری لەسەر وێنەکە بەمەبەستی چاککردنی، ئەگەر وێنەک نەنگیەکی هەبێت، یان وێنەکە ڕوون نەبێت، ئەوا دەتوانرێت چاکبکرێتەوە، یاخود سوڕانی بەپلەیەکی دیاریکراو بۆ گۆشەیەک، یاخود بڕینی هەندێ وردەکاری ناو وێنەکە، کە دەرهێنەرەکە دەیەوێ لای ببات، چونکە لەگەڵ بابەتەکە یەکناگرێتەوە.

٣- توانای دروستکردنی وێنە، گۆڕین لە ناوەرۆکەکەی ئەمەش بە فڕێدانی بەشێکی یان بە زیادکردنی شتێک بۆی.

٤- توانای کۆنترۆڵکردنی قەبارەی وێنە و شێوەو گۆڕینی لە وێنەیەکی ئاسۆیی بۆ وێنەیەکی ستوونی و بە پێچەوانەوەشەوە.

٥- پرۆگرامی فۆتۆشۆپ بەشێوەیەکی گشتی لە بواری ریکلامدا لەنەخشەسازی و ریکلامە چاپکراوەکان لە رۆژنامەو گۆڤارو کتێبدا بەکاردەهێنرێت.

بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانرێت پرۆسەی نەخشەسازی ریکلامی و جێبەجێکردنێکی دەستی بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی جۆراوجۆری ئامادەکراوەوە لە پرۆگرامەکەدا ئەنجامبدەین.

زۆر خەسڵەت و باشی تێدایە کە سود بەو کەسە دەگەیەنێت، کە بیەوێت کاری ریکلام بکات، یان رۆژنامە، لە وردی و خێرایی و ئاستی بەرز لە بەرهەمهێنان، دەتوانرێت لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر پێش ئەوەی چاپبکرێت، لە قۆناغی کۆتاییدا ریکلامەکە ببینرێت، بیجگەلە ئاسان-هەڵگرتنی و پاراستنی لەسەری هەروەک (سی دی).

## ٧- پرۆگرامی ئەدۆبی ئیندزاین (Adobe InDesign)

پرۆگرامی جێبەجێکارییەکە و دروستکراوە بەهۆی (Adobe Systems) بۆ هێڵکاریکردنی لاپەڕە نمونەییەکان، سەبارەت بە نەخشەسازی گرافیک، بە بزوێنەری تروس دادەنرێت.

ئەدۆب ئیندزاین جیاکەرەوەکەی لەوەدایە، کە کەرەستەی نوێی هەیە و کاردەکات بۆ ئاسانکاریی کارکردن، ئەوەش بەشێوەیەکی بەرچاو دیارە، هەندێ ئەرک و پرۆسەی تیایە کە پێشتر لە پرۆگرامەکانی وەک خۆی نەبینراوە کە تا ئاستێکی بەرز رەچاوی پێویستیەکانی دەرهێنەر دەکات.

ئەدۆب ئیندزاین وا داهێنراوە کە لە توانایدایە بەرزترین ئاستی بەرهەم بەدەستبهێنێت. رەگەزو توخمەکانی کۆنترۆڵکردنی پەرەپێدراوە، رووی پرۆگرامەکەو ئایکۆنەکانیشی زۆر بە ئاسانی کراوەو خۆش دەستە و کارئاسانی لە بەکارهێنانیدا کراوە، ئەمە جگەلە زیادکردنی ئەو پانتاییەی کە کاری تێدا دەکرێت.

ئەدۆب ئیندزاین ئەوە دەستەبەردەکات کە سود لە توانا داهێنانیەکان وەربیگیرێت، لەگەڵ یارمەتیدان بۆ بونیادنانی نەخشەسازییە سەرنجڕاکێشەکانی لاپەڕەکان لە روونی و سێبەرو...هتد،

که دەکرێت  بەشێوازێکی جیاجیای هەر بەشێک جێبەجێبکرێت. لەنێو خەسڵەتە گرنگەکانی ئەدۆب ئیندزاین توانای دەرهێنانی فایلی (XHTML) بەڕێگەیەکی بەهێز، لەگەڵئەوەشدا زیادکردنی هەڵبژاردەیەکی نایاب بە جێبەجێکردنی ڕێکخستنی لەخۆوە لەسەر لاپەڕەکان بە بەکارهێنانی(CSS) ، بە بەکارهێنانی ئەدۆبی ئیندزاین دەتوانرێت ڕێکخستنی لەخۆوە بۆ ڕەسمی (XML) ناوەڕۆک زیادبکرێت.

به گرنگترین بەرنامە دادەنرێت بۆ نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامەو گۆڤار ئەم گرنگیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم بەرنامەیە تەنسیق لەگەڵ وێنەو نوسین دەکات و هەموو شتەکان بە کوالیتی بەرز دەهێڵێتەوە (واتە هەمان کوالیتیان پێ دەبەخشێتەوە) ئەوجا دەنێردرێنە چاپخانە.